Dr.Saleh Ebrahimi



بکەن و لەگەڵ ئەودا بسازێن و لەئاکامدا، سمکۆویارانی گەرانەوە بەشی کوردنشینی ئێران، لە ناوەراستی مانگی گولاتی ١٣٠٤، دوای ئەوەی لە کۆنە شاری لای سەڵماس چاوی بە عەبدوللاخانی تیهماسبی کەوت، سمکۆ لەگەڵ دوسەت کەس لە ئەندامانی بنە ماڵە و یارانی خۆی لە سۆمای برادۆست جێگیربو (ئێران ١٦ ی گولانی ١٣٠٤، ٣). - دوای ماوەیەکی کەم لە کلکەی مانگی جۆزەردانی ئەو ساڵە، بە رێنۆینی و دنەدانی عەبدوڵلا تیهماسبی رەزاخان بە خۆی و چەن کەس لەسپیاهیان بە شێت جیبە شرەوە بەرەو ئازربایجان بۆ دیدارو دڵخۆشی دانەوەی سمکۆ، خویان گەیاندە چهریق ناوەندی هێزونشیمەنی سکمۆ (مەکی، ٣/٤٣٥ - ٤٣٧). - بە وحاڵەشەوە، دەورەی ئارامبونەوەی سمکۆ زۆری نەخایەند، چونکا لە پاییزی ١٣٠٥ ی هەتاویدا دژی و شەرە دندوکە، لە نێوان ئێران و تورکی عوسمانیدا بۆ دیاری کردنی سنور پەیدا ببور ئاخۆکێهەیان فرەتری لەخاك و نیشتمانی دا بە شکراوی کورد، دەس کەوێ؟ هەر دولایەکتریان بە پشتیوانی کردن لە بزاوی کوردەکان، تاوانبار دەکردو لەم ناقەدا **سمکۆ** دوبارەکەوتە جم و جوڵ و لە سەرەتای مانگی رەزبەر لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا **هێرشیان** بردە سەر سەڵماس، بەلام لە بەرا ئێران پێگەی ئەوێیان تەژی کردبو لە سپاو شەر فرۆشانی حوکومەتی، لە ئاکامدا سمکۆ نەتوانی ئەو پێگەنیزامیە بگرێ و پاشاری نەکردو گەرا دواوە و لەملاشە وە، ئێران حوکومەتی تورکیەی ناوانبار دەکردکە بە ئانقەست لای بۆهێرشی سمکۆ بۆسەر سەڵماس شل کردوە و یارمەتیشی داوە. - **سەرچاوە:** ئیحتیسسابیان، ئەحمەد جوغرافیای ئێران، تایبەت بە فێرانکۆکانی نیزام تاران. ج دوەمی ئیتلاعات ژ (٦ گەلاوێژ ١٣٠٩). ٢ - ئیعتماد موقەدەم، میهدی یادێ لە رابوردو، تەجریش ١٣٥٤، ئیران (رۆژنامە ژ١٦ گولان ١٣٠٤) ٣ ژ (١ گەلا رێزان ١٣٠٥ هەتاوی) ٣، بەبات کاوە شۆرشی کوردەکانی تورکیە و شوێندانانی ئەوە لە سەر پێوەندیگە لی دەرەوەی ئێران ١٣١٠ - ١٣٠٧ تاران نەشری تاریخی ئێران ١٣٧٤ هەتاوی)، تەوفیق. رەحمە تولڵا تاریخچەی ئورمیە (ورمێ)، یادداشێ لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاژاوەکانی دوای ئەوە، تاران، شیرازە، ١٣٨٢، جیهانبانی ئەمانە للا میرزا لە دەورانی دەرخشانی رەزاشاکەبیر، تاران ١٣٤٦، سازمانی ئەسنادی میللی ئێران ئارشیو، ناوەندی ئەسنادی وەزارەتی ناوخۆ، ئارشیو، سەجادی عەلائەدین مێژوی راپەرینی کورد، تەرجەمەی ئەحمەد محەمەد سنە، بلافۆکی کوردستان ١٣٧٩ ی هەتاوی، کتێبی سەوز (بێ لایەنی ئێران) بەکۆششی رەزا قولی نیزام مافی: (کورد) تاران نەشری تاریخی ئێران ج ٢، ١٣٦٣، کیسرەوی ئەحمەد تاریخی مەشروتەی ئێران، تاران

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمیر کەبیر، چ پانزە، ١٣٦٩، کۆچەرا راپەرینی نەتەوایەتی کورد، تەرجەمەی ئیراهیم یونسی، تاران نیگاە، ١٣٧٣، مەردۆخ روحانی بابە تاریخی مەشاهیری کـورد، بـەشی دوەمی ج ٣ (ئەمیران و خانەدانەکان) تـاران سـروش ١٣٧١، مـوعتە مـەدو لوەزارە، رەحمە تولڵا ئورمیە (ورمێ) لە جەنگی جیهان سوزدا بەکۆششی کـاوە بـەیات تـاران شیرازە، ١٣٧٩، مەکی حسێن تاریخی بیست ساڵەی ئێران، ج ٣ تـاران ئـەمیر کـەبیر ١٣٥٧ ی هەتاوی.

Iran Political Diaries 1881-1965, General Editor R.M.Burrell, Vols 6-8, Archive Edition, 1997, Marshimun, Surma D'Abait-assyrian, church customs and the Murdes of Mar Shimun, 1920, Assyrian International News Agency Books Online; Mc Dowall, David, Amodern History of the kurds, London, I.B. tauris, 1966 ' Naayem, Rev.Joseph, shall this Nation Die 2, 1920, Assyrian News Agency Books Online; werda, Rev. Joel. E. The Filickering light of Asia or the Assyrian International News Agency Books Online.

فەرهەنگی ناماوەرا نی سەردەمی ئێران ج ٢ ئەلف ئەلف، سین چـاپی یـەکـەم سـاڵی ١٣٨۴ی هەتاوی تاران،کاوە بەیات .

١ ـ هۆزی شکاک لە ساڵی ١٩١٨ ـ ز ـ زیاتر لە (٢٠٠٠) بنە ماڵەبون، دوای مردنی باوکی سمکو جەعفەراغای براگەورەی بوە سەروک هۆز.

٢ ـ تەزار نیکلای دوم جەعفەراغا و عەبدو رەزاق بە درخان و سەید تاهای شەمزینانی بانگ کردبووە (روسیە) جا لە ترسی روس بۆ دڵخۆشی دانەوە و بۆ فریودان دوای بزاوی ساڵی ١٩٠٦ ز ـ جەعفەراغای شکاک بانگ کرایە تەوریز و لە ١٩٠٧ ز ـ بە فیڵ شەهید یان کرد، لەوە بە دوا سمکۆ سەبارەت بە حوکومەتی ئێران رقی لەدڵ گرت، لە پشتیوانیێ دەگەراکە یارمەتی بداچروس یا ئینگلیس، جائەوە بو لە (وان) چاوی بەکاپتێن دیکسن Dickson وابەستەی نیزامی بەریتانیا کەوت. لە دوای جەنگی جیهانی یەکـەم بـەریتانیا دەیویست ئەرمەنی و ئاشوری و کوردەکان بە رابەری سمکۆ بە دژی عوسمانی یەکخا، تا تیا چونی بەرەی روسیە تولە بکاتەوە، بەلام سمکۆ گزی و فزی موتتەفیقینی دادواوە

٣ ـ لە ٢٥ فەوریەی ١٩١٨ مارشیمونی کوشت.

۴ ـ لە ١٩١٨ کە هێزی عوسمانی کشادواوە و پەیمانی تەرکی جەنگی مۆر کرد، سمکۆ گوڵی کردو بووە سەروکو رابەری کورد، جالە ونێوە کەم کەم پـەرەی بـە دەسـەلاتـی خۆیی دا بە تایبەت کە حوکومەتی قاجار تیا چو، سمکۆ زیاتر گوڵی کرد، تـا کـودەتای

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕەزاخان لە **١٩٢١** ز ـ کە دوای شەر حوکومەتی ئێران لەو پەری هەژاری و دەس تەنگیدا بو، سمکۆ ڕوژ بۆ ڕوژ پەرەی بە دەسەلاتی خۆی دەدا.

**٥** ـ حوکومەت هەر لە سەر تاوە دەیویست بە هەر فێلێک بگونجێ سمکۆی مەزن لە نێوببا، ئەوە بو بەستە یەکیان لە تەقە مەنی بۆنارد، هەرچەند بۆم تەقی و یەکێ لە براکانی سمکۆی کوشت بە لام سمکۆنە کوژرا.

٦ ـ سمکو لە **١٩١٩** شاری و رمیێ گرت و پیاوەکانی مالّی خەلکیان تالان کرد. کە نەدەبو خەلک تالان بکاو خەلک لە خۆ برەنجێنێ ـ (شەپول).

٧ ـ لە **١٩٢١** و نیوەی ئەوەلّی **١٩٢١** سمکۆ هەندێ ئارام بو، بە لام دوایی زانی کە لە شکر یێکی کۆمەگی لە تارانەوە بەرەو تەوریز بەرێ کراوە، سمکۆ بۆ ئەوە هێزی خۆی نیشان بدا سابلاغ (مەهاباد)ی موکری لە پاییزی **١٩٢١** گرت، سەیید تاها شەمزینی مێردی گولزار خانمی کچی جەعفەراغای براگەورەی سمکۆ و ڕاوێژکاری سمکۆ لە ٦ ئۆکتوبری **١٩٣١** بە چەندسەد سوارێکەوە هێرشی کردە سەر سابلاغ و بۆڕوژی دوایی سمکۆ بە ٢٠٠٠ سوار هاتە یارمەتی دانی سەیید تاها شەمزینی، ژاندارمەکانی ئێران کە **٥٥٠** کەس دەبون تاروماریان کردنو خەلکیشیان تالان کرد. (دوکتور رایت... ٣٨١)، لەو بابەتەوە خەلکی مەهاباد، لە سمکۆ قەلس بون، هەرچەند سمکۆ وتی: من لەو تالانە تورەم و هیوادارم تۆلەی بکەمەوە، گەورە پیاوانی مەهاباد **سمکۆ بە باوکی ناسیونالیستی کورد دەزانن** بەلام لێشی تورەن (کۆچەرا، ٦٢)، لە شەری شەرە فخانەدا سمکۆ بە کوشتنی سامخان ئەمیر ئەرشەد قەرەداغی، تۆلەی جەعفەراغای برای خۆی لە زەرغام کردەوە (تاریخی ئەحمەد کیسرەوی، ١٩٥).

٨ ـ لە نەوامبری **١٩٢١** و لە دیسامبری **١٩٢١** سمکۆ دوتێ شکانی بە سەر لەشکری ئێران هێناکە ناچار شاری (خۆ)یان بە جێێ هێشت، دوای ئەو دوسەرکەوتنە سمکۆ، هەمو سەروکی هوزی ئەو ناوە. فەرمانی سمکۆ یان قەبول کرد، بۆوێنە عومەرخانی مامی سمکۆ، بە تایبەت کە لە گەل سەییدتاها یەکبون لە ڕوژاوای دەریاچەی ورمێ وە تا(بانە) و تا (بیرە کەپرە) لە مەلبەندی زێباری کەوتە بن دەس سمکۆ. ـ بە پەرەگرتنی دەسەلات، سمکۆ بەوێنەی سەر بەخۆکاری دەکرد و سەر بە خۆ بو، هەرچەند (حەسەن، ئەرفەع و (ئۆزدەمیری تورک) سمکۆیان بە تالانچی، ڕێگر، زالم، پەست و نادروست ناویان دەبرد، بە لام سمکۆ مرۆێی عەجیب و لە ڕاستیداکەسایەتی یەک بو عەجیب و بوغرەنج و ناسیونا لیستێکی بەڕاستیبو، مرۆیێ بو پاک، جوامێر، بەجلک و لیباسە کوردی یە جوان و پاک و قەلافە بە شکۆ و سامناکەکەی، خوێی کە هەرلە ئوروپایی دەچو، فرە

Dr.Saleh Ebrahimi



شوێنی لە سەر ئینگلیسیەکان دانا بوو (کۆچەرا هەرئەوێ)، سمکۆ هەمیشە لێو بەبزە و شەرمین بو و لە چهریق لە قەلاوبا لە خانەی خۆی، نیشتە جێیێ بو کە باوکی ئەوەی لە نیزیک قەلایەک لەسەر سەخرە یەک (گاشە بەردێکی ساقی مەرمەری) لە نێوە راستی چەمێکدا ساز دابوو لەراستیدا جێگای هەلۆی کوردان بوو دەتگوت بە شێوە خانوبەرەی ئەمرۆژگارە سازدراوە، ئەونە جوان و رێکو پێک ورازاوە و گشت پێداویستی ژیانی لێ سازدرابو و تەنانەت **پیانۆیشی** تیا بووە و **خەتی تەلەیفونیشی** هەبوە کە چهریق لەگەل (سابلاغ و Dilman دەیلەمان) و ناوەندەکانی دیکە پێوەندی هەبو (کۆچەرا، ٦٤). ـ سمکۆ دوای جەنگی ئەزدیکان لە نوامبری ١٩٢١ بە دەرەجە داری کە یەخسیری بووە دەستور دەدا جۆری کارکردن بە موسەلسەل نیشان بداو ئەویش موسەلسە لەکەی ئێران کەکەوتبوە دەس سمکۆ و خراب ببو چاکی دەکاتەوە و خەشابێکی دە خاتە سەرو دە یەوێ سمکۆ بکوژێ، سمکۆ بە پەلە خۆدەدا بە سەر ئەودا و پێی دەلێ زانیم چلۆن کاردەکا، سمکۆ، لە بوێری ئەو دەرەجەدارە یەخسیرە خۆشی دێ، لەباتی ئەوەی بێکوژێ لەگەل چەند ئەسیری دیکەدا ئازادی دەکاو بە هەر کامیشیان یەکی یەک سەکەتەلا دەداو تاخەتی ئێرانیەکانیش رەوانەیان دەکا، ئەمە مێرانی، **جوامێری و پیاوەتی و مرۆڤانی سمکۆی** مەزن دەسەلمێنن (کۆچەرا، ٦٥) سمکۆ لێ رون بو کە دوای رمیانی رەژیمی شاهەنشاهی **لە ئێرانداکوردستان یا سەر بەخۆ یا خودموختار دەبێ**، جا لە ١٩٢٢ دا نامەیەکی پرلە توانج و تەشەر بۆ (زەفەرو دەولە) فەرماندەی فەوجی ئازربایجان دەنوسێ دەلێ: بزانە چلۆن نەتەوە یەکی بچوک مافی رەوای خۆی لە ئەلمان سەند لێم سورە نەتەوەی گەورەوگرانی کوردیش ماف و حەقی خۆی لە حوکومەتی ئێران دەستێنێ. (کۆچەرا، هەرئەو شوێنە).

٩ ـ سمکو زۆرتێ کۆشا تا ئینگلیس وادار بە پشتیوانی کردن لە کورد بکاو بە هۆی بابەکراغای کورد لە ئوکتوبری ١٩٢١ چاوی بە کاکیس کەوت، بە کاکیسی وت ئەگەر یارمەتیم بدەن کوردستانی بن دەس تورکی عوسمانی و ئێران ئازاد، دەکەم، بەلام ئینگلیس یارمەتی سمکۆی نەدا و هەروا روس و فەرانسەش پشتیوانیان لە سمکۆ نەکرد (کۆچەرا هەر ئەوشوێنە، ٦٦ ـ ٦٧).

١٠ ـ سەرهەنگ عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر)ی تورکی عوسمانی دیتی سمکۆگولی کردوە و گشت کوردستانی گرتوتە بن دەس، تێگەیی کە سمکۆ مرۆڤێکی لەکارزان و عەجیبە و شیاوی ئەوەی هەیە لەلایەن ئەوانە وە، پشتیوانی لێ بکرێ، بەلام حوکومەتی ئێران ترسی لێ نیشت و بە فێل لەگەل تورکی عوسمانی بە دژی سمکۆ لە ٢٥ ئوکتوبری

Dr.Saleh Ebrahimi



١٩٢٢ پەیمانێکی گرێدا. وئەوە یەکەمین پەیمانێ بو کە بە دژی نەتەوەی کورد گرێدرا. (یادداشت لە بارەی **شەریف پاشا، کۆچەرا، هەرئەوێ**، ٦٨).

١١ ـ سمکۆ لە بەهاری ١٩٢٢ پیاوێ دەنێرێتە باکوّتا بەلکو یارمەتی بداکە وەلام نەرێ بو (کۆچەرا، ٦٨)، بە دەستوری ژەنرال شەیبانی لە ئاوریلی ١٩٢٢ پێنسەدکەس لە شۆرشیانی گیلانی بە فەرماندەیی خالۆ قوربانی کورد (کە دوای لە نێوچونی حوکومەتی گیلان (میرزاکوچکخان) بە پلەی سەرگوردی لە ژاندارمری ئێران کاری دەکرد) ناردی تا بەگژ سمکۆدا بچێ، بەلام خالۆ قوربان کوژرا و ئەوکارەش بۆ (شەیبانی) نەی گرت‌و رەزاخان بەدەس سمکۆوە، گیری خواردبو، هەرچەند سمکۆیش نەی توانی لەو هەل و مەرجە کەلک وەربگرێ، چون هەم کە رەسەی پێویستی بۆجەنگ نەبوو هەم لە نێوهۆزەواری یەکەیداکێشەو رقەبەرایەتی هەبو.

١٢ ـ لە ژوئێنی ١٩٢٢ سمکۆ لە شەمزینان چاوی بە حەیدەر بەگ والی پێشینی موسل، دەکەوێ و دەبێتە هۆی ترس و نیگەرانی ئینگلیسیەکان لە عێراق و لە ژوئیەی ١٩٢٢ بە سەرکردەیی جیهانبانی ٨٠٠٠ سەرباز لە هێزی ئێران بۆ شەرکردن بەرە و لای سمکۆ و سەلماس کەوتنە رێ. ـ لە ٢٥ ژوئیەی ١٩٢٢ لە (شەکە ریازی) یەکەم شەروئاخر شەر قەوماو پیادەکانی کورد چوارجار هێرشیان بردە سەر سپای ئێران و خوێان خزاندە نێویان و بەشیرو خنجێرکوشتارێکی زۆریان بەسەر سپای ئێرندا هێنا، بەلام سپای ئێران سەرەنجام خوێ گەیاندە شاری و رمێ کە چوار ساڵ بو بەدەس کوردەوە بوو لە وێشەوە بۆ چهریق کشا.

١٣ ـ لە ئوتی ١٩٢٢ سپای ئێران لە ساری تاش ئاوقەی سمکۆ بوو سمکۆ ناچار پەنای بردە بە چیای ساری تاش و تورکی عوسمانی پێشمەرگەکانی سمکۆی لە چەک دارێنی و بە رواڵەت پەنای بە سمکۆدا.

١٤ ـ لە ئوکبری ١٩٢٢ سمکۆ بەرە و عێراق رۆیی و گەشیتە هەولێر و هەموشتێکی لە کیس چبو، توپ، موسەلسەل، کەرە ستەی جەنگ، خانمەکەی شەهید کرابوو کوری شەش ساڵەی کەگلێنەی چاوی بو، یەخسیرکرابو، بەلام بە قسەی ئینگلیسیەکان کە چاویان بەسمکۆ دەکەوێ، دلی لە ئێرانیان زۆر درِ دوّنگ نابێ، بەلام لە تورکی عوسمانی تورە بووە، کە پشتیان لە سمکۆکردوە و دەیەوێ تۆڵەیان لێ بکاتەوە بۆیێ چبوە عێراق بە لکو ئینگلیس یارمەتی سمکۆ بدا و لە دیرە (Dero) چاوی بە (سی. جی. ئەدموندز) دەکەوێ کە هیچی دەس ناکەوێ.

١٥ ـ سمکۆ کە لەئینگلیس هیوا بڕدە بێ، سەیید تاها شەمزینان بەجێ دیلێ و دەچێتە

Dr.Saleh Ebrahimi



سلێمانی و لەوێ لە ٨ژانویەی **١٩٢٣** وەک سەرۆکی حوکومەتێ پێشوازی لێ دەکرێ و رێژەی نێزامی و هەیت و هوتی بۆساز دەکرێ. سمکۆ، یەک مانگ و چەن رۆژ لە سلێمانی دەبێ ئەو یارمەتیەی ئەو دەیەوێ بە حوکومەتی شێخ مەحمود، ساز نابێ و لە و کاتەی کە نێوانی ئینگلیس و مەلیک مەحمود خەریکە ئالۆزدەبێ، سمکۆ دنەدەرێ کە لە سلێمانی بڕوا. ـ سمکۆ لە سلێمانی دەروا و سالێک خۆ دەر ناخاو لە سالی **١٩٢٤** لەگەل ژەنرال تیهما سبی قسە دەکاو دەچێ لە چهریق دادەنیشێ و ئێران سەرناخاتە سەری و لە **١٩٢٥** لەگەل رەزاخان (شا) قسەدەکا و بەلێن دەدا، ئەگەر سەرنەخەنە سەری و درۆی لەگەل نەکەن، وەفاداربێ، بەلام درۆیان لەگەل کردوئەویش دوای سالێ بەچەندسەدکەسەوە لە کوردەکانی هەرکی دەشتی سەلماس دەگرێ و سەلماسیش دەور دەدا بەلام لە دەس لە شکری ئێران دەشکێ و بەرەو کوردستانی بن دەسی تورکیە دەر واو لەوێ تورک دەیگرن و لە چەک دای دەرنن و بەندی دەکەن و دوای ئازاد بون لە **١٩٢٦** بەرەو عێراق (کوردستان) دەرواو لە **١٩٢٧** دەگەرێتە وە کوردستانی تورکیە و لە **١٩٢٨** دەچێتە وەعێراق (کوردستان و) هەلوەدا بووەو بە لام ئێران دلخۆشی داوە تەوە، سمکۆیش هاتۆتە وە شاری شنۆ تابە خەیال و تویژ بکا بەلام بەرەشە کوژی کوشتیان (١٩٣٠) (کۆچەرا، ٥٩، ٧٢ راپەرینی نەتەوەی کورد چاپی یەکەم **١٣٧٣** ی هەتاوی تاران بلاقۆکی نیگاه تەرجەمەی فارسی ئیبراهیم یونسی.)، لە سیپارەی سێ مێری عەجیب (لۆرس، چلۆن هاتە ئێران؟ و سمکۆ چلۆن راپەرین و بزاوی سازدا؟ و سەیید فەرهاد چلۆن لە زیندانای کرد؟ چاپی عەتایی تاران **١٣٦٣**ی هەتاوی. **سمکۆ بە نێوی مێری عەجیب ناو بریاوەو سەبارەت بە بۆیری، جوامێری و زیرەکی و لە کارزانی ئەو** قسە کریاوە کە لە رۆژنامەی مەرد ـ ی ئەمرۆ دا لە (٢١ گولان و سێ رەشەمەی **١٣٢٥**ی هەتاوی بلاکراوەتەوە (نصرت‌اللّه شیفته). ـ ئەوانە تا ماوەیەک بوونە هۆی بشێوە و ئالۆزبونی زیاتر لە نێوان حوکومەتی ئێران و تورکیە دا، ئێران (سەرەتای مانگی گەلاریزانی **١٣٠٥**، ٣ ـ (بەیات ٦٦). لەوە بە دوا بە پەرەسەندی پێوەندی سیاسی نێوان حوکومەتی ئێران و تورکیە و عێراق بە تایبەت کە زیاتر سوربون لە سەر شەڕ فرۆشتن بە کوردە ناسیونالیستەکان، کە هەرسێ حوکومەت ویکگرا بە تەواوی هێزەوە ویستیان لە راپەڕین و بزاوی کوردە راپەڕیوەکان بە رابەری سمکۆی مەزن بەرگیری بکەن، جائەوە بوهەرسێ حوکومەت ویکگرا بەدژی بزاوی سمکۆ لە هەر لاوە هێرشیان کردە سەر سمکۆ و ئەویش بە جەنگی پارتیزانی بەرەو رەواندز رۆیی و سەرلە نوێ حوکومەتی ئێران بۆفریو دانی

Dr.Saleh Ebrahimi



سمکۆ درگای و توویژی خستە وە سەرگازەرەی پشت، کە دەیەوێ ئاشتی لەگەڵ سمکۆدا بکا، بەلام ئاشتی سەری نەگرت و سمکۆ بۆ ماوەیەک چووە لای **شێخ ئەحمەد بارزانی خودانی بارزان** (راپورتە سیاسی یەکان ٧ / ٥١٨، ٨/٩٨، ٣١٢) لە کلکەی مانگی پوشپەری ١٣٠٩ سمکۆ لەگەڵ دارو دەسەکەی دیسان هاتە شاری شنۆ بۆ ئەوەی کە بە خەیاڵ وتوویژ بکا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی لەشکری بەلام لە ٢٧ پوشپەردا بەگزی و فزی شەهیدیان کرد (ئیتلاعات ٢) لە و شوێنەوە کە بەشی فرە گرینگ لە دەورانی راپەرین و بزاوی سمکۆی مەزن، لەگەڵ سەرەتای ورد بونەوەی نەتەوایەتی لە نێوکوردا هاوکات بووە لەگەڵ نوسینی مێژوی ناسیونالیستی کوردو کوردیش جیگایێ تایبەتیان بۆ سمکۆ داناوە (سەجادی، ٢٣٩ ـ ٢٥٩، کۆچەرا، ٥٩ ـ ٧٢) کاروکردەوە و جیهان تێروانی بە لە بەرچاوگرتنی کارەکانی سمکۆ لە راستیدا دەبێ بلێن راپەرینی سمکۆی مەزن لە بنەرەتا هەویەی هۆزەواری و سوننەتی هەبووە، چونکا بێ بەزەیی بووەو لە تەک سەروک هۆزەواری‌ترا. باش نەساراوە تا بتوانێ کوردەکان موتتەحید بکاو لە رێگای ئاشتی و یەکیەتی یەوە بۆ ئازادی کورد و کوردستان تێ بکۆشن، هەرچەند خەلکی کوردیشلەو سەردەمەدا وریا نە ببونەوە و دەوڵەت زل هێزەکانیش پشتی کوردیان نەگرت. (شەپۆل).

زۆربەی حاکمانی ئێران لایان وابو کە لەباتی خیلافەتی تورکی عوسمانی ئەگەر حوکومەتێ تورکی وەک مستەفاگەمال دامەزرێ زیاتر دەبێتە هوێ ئاشتی و ئارامی نێوان دو حوکومەت جائەوبیرو رایە بووە هۆی گرێدانی قەراردی (ویدادیە و تەئمینیە) لە مانگی گولان ١٣٠٥ ـ بە لام حوکومەتی تورکیە دوای ئەویەش کوردەکانی بە دژی حوکومەتی ئێران تین و تاو دەدا و لە ئاکامدا **ناسیونالیسمی کوردی ئەونەی دیکە لە سەرکورد بونی خۆیان سوربونو سورتردە بون،** لەو کەین و بەینەدا حوکومەتی ئێران بای‌دایەوە و رای گەیاند: کورد و ئیرانی رەگەزو فەرهەنگیان یەکە وجیانین، بە مجوّر، دەیویست سەرنجی کورد بۆ لای ئێران را بکێش و لە پشتەوە، وەک هەمیشە بە خنجیر دایان پلۆسێ. نوکتە لەم لاشەوە کەسانێ وک دوکتور مەحمود ئەفشار، فرەزو زانیان کە قەراردادی (ویدادیە و تەئمینیەی) فرەکەم وکوری تیایە، باش‌وایە ئێمە دڵی کوردەکانی ئێرانی کە **لە رەگەزی ئاریا و ئێرانین فرەتر بە دەس بێنن، ئەوکات هیچ زەرەر و زیانێ نابێ** ئەگەر روژێ کوردستانی بن دەس تورکی عوسمانی (**سەر بە خۆ بنو ئازاد**) و لە نێوان ئێمەو حوکومەتی تورک **یەک دەو لەتی کوردی ئێرانی رەگەز،** سازبدرێ، ئەوساتا

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەندازە یەک ئێمە لە مەترسی زەرد، ئاسودەخاتربکا. (گۆڤاری ئایەندە ژمارەی یەکەم، پوشپەری ۱۳۰۴ پەرەی ٦٢ و بەیات هەر ئەوە، ٦٨). هەرواکەسانێ دیکەی وەک نەسرولّلاخان بیهنام و میرزا نەسرولّلاخان ئیعتیلائو لمولک (خەلعەتبەری) کە حاکمی کوردستان بوو هەروا میرزا عەبدولحسێن‌خان تەیمور تاش وەزیری دەرباری پەهلەوی، لایان وابووە (ئەگەر بۆ فریونە بوبێ) نابێ دڵی کورد لە ئێران بشکێ چون رۆژێک دێ کورد، و زە و هێزو رێزو گرینگی خۆیی پەیدا بکا، جا لە بەرئەوە باش وایە **دەوڵەتی بچوکی کوردی** ئێرانی رەگەز سازبدرێ، لە نێوان ئێمەو حوکومەتی تورکی عوسمانیدا. لەم لاشەوە (فروغی) دەی وت: (**تۆی لەقی سەربە خۆیی کوردستان ئینگلیسیەکان لە نێو زارودەمی کوردا، توروکاندویانە**). ئێمە دەبێ لەگەڵ تورکیە بسازێن، جائەوە بو لە نێوان دوکتور مەحمود ئەفشار و ئیمتیلائولمولک و تەیمور تاش و فروعی و هەندێ لە ئەندامانی کومەتیەی دیاری کردنی سنور جیاوازی بیرورا پەیدا ببو، فروعی بە پیێ **باوەری پوچی خۆی فریوی** حوکومەتی تورکی عوسمانی خواردبوو دەیویست (تەحدیدی حودود و تەئمینی حودود) پێکە وە مۆر بکرێن و تەنانەت تەئمینی حودود پێش بخرێ و دەس بەکورد کوشتن بکرێ، و بەرێوە. ببرێن، کە هەروایش مۆرکراو حوکومەتی ئێران و تورکی عوسمانی چ لەم دیوو چلە و دیو دەسیان کرد بە کوشتاری کورد و کوردیان لەو ناوەداکوچ داو هەلات هەلات یان‌خستە نێوکورد و قەتڵ و بڕ و تالاّنیان کردن و داریان بەسەر بەردی یەوە بۆتە هیشتن و بەوکارە (فروغی) ئێرانی دادەس تورکی عوسمانی. بەڵێ محەمەد عەلی فروغی نیشتمان فرۆش لە پیشا (تەئمینی حودودی) بە رێوە برد و کوردە قڕانی لەم دیو بۆ بەدەس هێنانی دڵی تورکی عوسمانی دەس پیێ کرد، جالە پاشان (تەحدیدی حودودی) لەگەڵ تورک مۆرکرد، پەرەی ۱۷۵ شورشی کوردەکان... بەیات. هەرئەوێ بەلاّم لەم لا شەوە، دوکتور ئەفشار و ئیتیلائولمولک و تەیمورتاش لایان وابو ئەبێ (تەحدیدی حودود) لە (تەئمینی حودود) جیا بکرێتەوە و ئێران دڵی کورد رابگرێ، نەک بیکاتە دوژمنی خۆی، (بروانە: دوکتور مەحمود، ئەفشار یەزدی، گەنجینەی مەقالات، ج ۱، مەقالاتی سیاسی یا «سیاسەتنامەی نوێ تاران مەجموعە بلاّفوکی ئەدەبی و تاریخی مەوقوفاتی دوکتور مەحمود ئەفشاریەزدی، ۱۳٦٨، لەم لاشەوە تورکی عوسمانی پرو پاگەندەی بلاّودەکردەوە کە بەریتانیا دەیەوێ دەو لە تێکی کوردی سەر بە خۆ لەکوردستان دامەزرێنی، بووە هۆ (شورەوی) کە لە ۱۹۲۳ ز ـ لە ناوچە یەکی کوردنشین بەناوەندی (لاچین)، کە زیاتر لە

Dr.Saleh Ebrahimi



پەنجاو چەند دیێ و شارۆلکەو بەشەکانی گوڵبجار، کوباتلی، زەنگیلەر، نەخجەوان ولاچین، کە خەلکی ئەو ناوانە، بە تەواوی کورد بون. لە ئازربایجان دەوڵە تێکی کوردی دانابو (و بە جۆرێ ببوە ناوەندی بوژانەوە و بەردەوامی ژیانی زمان و فەرهەنگی کوردی)، ئەودەولەتە خودموختارەی کورد، ببێتە قوربانی هەیتوهوتی تورکی عوسمانی و قاجار و بەریتانیا و لە ئاکاما شورەوی ئەو دەولە تەکوردیەی، لە ۱۹۴۱ ز ـ تێک‌دا، چون شورەویش لە راستیدا نەی دەویست نەتەوەی کورد، دەوڵەتی سەربە خویی بۆ خۆیی هەبێ، کوردە کانیشی کۆچدا بۆئە و پەری شۆرەوی و لەنیشتمانی ماڵە باوانیان دور وئاوارەیان کردن، لە ۱۹۷۹ ـ کوردی شۆرەوی زیاتر لە ۱۲۰۰۰۰ هەزار کەس بون. ا. باغچەبان ۱۹۳۲ باکۆپەرەی ۸ و کوردەکان، کەندال، عیسمەت شەریف وانلی و مستەفا نازدار تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی پەرەی ۲٦۷ چاپی روزبیهان و مەردومانی جیهان، عەبدولحسین سەعیدیان، پەرەی ۹۰۳ چاپی ۵ ـ سالی ۱۳۷۳ی هەتاوی هەندێکیان لەوکوردانە بۆ سیبری کوچدان بەم نێوە کە کورد، ئازاو بوێروکۆلنە دەرە، با لەگەل کچانی روسیە بزەوجن و منالی رەشیدو جەنگاوەرو ئازایان هەبێ (جانازانم جوک بو یا حەقیقەت لە سەرەتای ٦۰ تەکانەوە رۆژنامەی جمهوری ئیسلامی ئێران نوسیبوی: (گۆرباچوف) لە باوکەوە لە کوردە ئاوارەکانە، کە بەهێدو هێمنی دەوڵەتی شۆرەوی تێک‌دا). ـ لەم لاشەوە رەزاخان و حەمەرەزای پەهلەوی کە لە قسەکانی دوکتور مەحمود ئەفشار و ئیعتیلا ئولمولک و... حالی نەبون یا نەیان دەویست حالی بن زیاتر لە تورکی عوسمانی و عەرەبی وەک صەدامو صەدامیان دژی و دوژمنیان لەگەل کوردکردو وئەو جۆرە رەژیمەزالمانەش بە زولمی خویان تلانەوە وگۆریان گومبووتیا چون. ـ بە تیا چونی بومدیەن لە ئەلجەزایرکە خەیانەتی بە کوردکرد، توشی نەخونەشی یەکی واکەسکون بو کە نەجاسەتی خۆی دەخوارد و حەمەرەزای پەهلەویش کە بە تف ولە عنەت لە لە ئێران دەرکراو صەدامیش، ماوەیەک وەک سەگی زنجیری زنجیر کرابو و لە ئاخریشدا وەک رێوی لەکونادەریان کێشا و ئێستا بەندکریاوە. دیارە ئەشێ باوەرمان هەبێ و باش بزانین کە بە تیاچونی ئەوسێ زالمە مارزانە، دەروازەی ئازادی بۆکورد و کوردستان کراوەتەوە. ـ ئەم پەندە کوردیە چەن بەجێیەکە دەلێ: لەکاتی تەنگانەو نیازدا دۆست و دوژمنی خۆت باش دەناسی. (شەپۆل). راپەرینی سمکۆی مەزن لە سالی ۱۹۲۰ ز / دەسی پێکردوەوتا سالی ۱۹۳۰ ز ـ بەردە وام بووە.

ئەگەر تابشت بێنی دەبینی جەندەکی دوژمنانت بەرە وگۆر، دەبردرێ (پەندی عەرەبی)

Dr.Saleh Ebrahimi



(شەپۆل). ـ کاتێ لە ١٩١٤ ز ـ ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانیگری گرت، لە شکری ڕوسی تەزاری لە بەرا باکوری ئێرانی داگیر کردبوو ئازربایجانیشی داگیر کرد و ئەرمەنی یەکانی چەکدار کرد بو و لەم لایشەوە بە نهینی چەک و چۆڵی بەکوردان، دەدا، بۆئەوەی کورد و ئەرمەنی پێکەوە بەشەڕ بداو ڕوسیە کەلکی خۆیی لێ وەربگرێ، جا کاتی ڕوسەکان لە قەوقازەوە بەرەو، لای هەرێمی کوردنشین هات، لەپێش لەشکری ڕوسەوە تاقمێ چەکداری ئەرمەنی هێرشیان بردە سەر مال و نیشتمانی کورد و دەسیان کرد بە کوشت و کوشتار و تالان کردنی ماڵی کوردان، جا ئەوەیە کە (حەسەن ئەرفەع) نوسیویەتی ودەڵێ: لە ساڵەکانی ١٩١٥ ـ ١٩١٨ ز ـ زیاتر لە شەش سەد هەزار کورد، لە کوردستانی بن دەسی تورکیە کوژران: (کوردەکان نوسراوی حەسەن ئەرفەع بلافۆکی زانکۆ ئاکسفۆرد ١٩٦٦ ز). ـ سمکۆی مەزن لە مانگی سەفەری ساڵی ١٣٢٤ ی مانگی لە لایەن دەوڵەتی قاجارەوە بەناوی سەرداری سەرحەدد (سنور) داری، شمشێری مورەسەع و ناز ناوی «سەردار نوەسرت»ی پیێ دراوە و هەروا بۆ سمکۆ و بۆ سەد کەس لە سوارەکانی ئەو بەناوی سەرداری سەرحەدد، پوڵ و دراوی مانگانە دیاری کراوە (موعتەمەدو لوەزارە، پەرەی ٣٨٩ هەرئەوێ)، ئەوانەی ویستویانە، بەزەبری شمشێر، کورد لە نێو بەرن و بەردەسیان بکەن، کوردیان بە چەتەو ڕێگرویاغی ناوبردەوە و یەک لایەنە تێفکریون و لە ناسیوتالیزمی کورد، هیچ بیریان لێ نەکردوتەوە، تابزانن سمکۆ، بۆ لەگەڵ سەیید تاما شەمزینان، سەرەک هۆزی جەلالی، قەرەنیاغای مامەش، گەوەرک، هەرکی، هەمزاغای مامەش، زەزرا، هۆزی هەر توشی، فەیزو للابەگی بەگزادان و باقی سەرۆکەکانی هۆزەواری کوردەواری، خەریکی کۆبونەوە و یەکبون و یەکیەتی سازدانە لە نیوکوردا، بە داخەوە نەیارانی کورد، تەنیا بە چاوی جیاوازی خوازی بۆنەتەوەی کورد، دەروانن. ـ جائەوە یەلە وڵاتانەی کورد بن دەسن، دەسەڵاتداران بەچاوی موستەعمەرەی نیشتەجێ تەماشای نەتەوەی کوردیان کردودو بۆی دەروانن.

مستەفاگەمال کە لە ١٩٢٠ ز / وزەی شەڕی نەمابو، لەگەڵ کورد، پەیمانی مۆر کرد، کە پەیمانی سێور لە بابەت نەتەوەی کوردەوە ببا بە ڕێوە، بەڵام تامەترسی یونانی لە سەرتەما و لەگەڵ فەرانسەدا لە ١٩٢١، مواقەتنامەی مۆر کرد، لە نوامبری ١٩٢١ تافەوریەی ١٩٢٢ ز / دەسی کرد بە قڕکردن و ئاوارە و تالان کردنی کورد (ئورهان باسوک) نوسەری تورک بە تاوانی ئەوەی کە وتویەتی: حوکومەتی تورکیە، زیاتر لە (٣٠٠٠) کوردی بێ تاوانی کوشتووەو تا (٤٠٠٠) گوندی کوردی وێران و کوردەکانی

Dr.Saleh Ebrahimi



لەو گوندانە ئاوارە و ماڵ وێران کردوە، ئەو نوسەرە تورکەی بەندو لە زیندان کردوە. (ڕۆژنامەی ئێران ساڵی **١١** ژ **٣٢٧٧** دوشەمە ١٠ ئوکتوبری **٥** ٢٠٠ ز) پەڕەی **٥** (بیرکردنەوە و تێفکرین کلیلی درگای ئازادی و حیکمەتە، جا ئەگەر ئێمەی کورد، بیرکردنەوە و تێفکرین بەشێوە یەکی مێتۆدا دار بەکلیلی درگای ئازادی و حیکمەت بزانین) بەدڵ و بە پەلەپشتی یەکتر دەگرین و ددبینە یەک جائەوسا، ئاسان بەمەرام دەگەین و سەردەکەوین و ئازاد و سەر بە خۆ دەبین و دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆیی خۆمان دەبێ.

شەریف پاشای کورد، لەکات و ساتی سەر پەرستی کردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی عوسمانی لەکۆنگرەی ورسای، خۆی کێشایەوە و ئەو بەرپرسی‌یەی لە ملی خۆی دارنی‌و بە ناوی نوێنەری کوردستانی بن دەس تورکی عوسمانی، لەگەل وەزیری دەرەوەی ئێران لەبابەت **سەر بە خۆیی کوردستانی** بن دەس تورکی عوسمانی دەسی کرد بە وتووێژ کردن و رایشی گەیاند کە کوردستانی سەر بە خۆ، لەبن قەیمومەت و سەرپەرستی ئێراندا بێ. شەریف پاشا لە بارەی ویستی کورد لە (**٢٢** ی مارسی ساڵی **١٩١٩** ز-و **١** ی مارس ساڵی **١٩٢٠** ز) بە ناوی نەتەوەی کورد، لەگەڵ نەخشەی کوردستانی یەکپارچە، دای بە کۆنفەرانسی ئاشتی، حەوتە نامەی کەیهانی هەوایی مانگی کولانی **١٣٧٦**ی هەتاوی و کتێبی کوردانی گۆران و مەسئەلەی کورد، لە تورکیە. گ. ب. ئاکوپف (هاکوپیان) وەرگێڕانی سیروس ئێزەدی بلاڤۆکی هیرمەند **١٣٧٦**، تاران. ـ لە مادەی **٦٢**و **٦٣** ی پەیمانی سێوێر کە لە **١٠ی ئوتی ١٩٢٠ ز / مۆرکرابو، کوردستانی سەربەخۆ** لەوێ لەو مادانەدا گونجابو، کە هەرکاتێ کورد، بخوازێ، سەربەخۆیی کوردستان رابگەیندرێ دەبێ مەکۆی‌نێو گەلانیش دیانی پێدا بنێ، بەلام بەداخەوە دژایەتی کورد، لە نێو خۆدا، ئەو دەرفەتەریزێنەی لەکیس‌دا و مامە ئینگلیسیش کە زاری بەنەوتی کەرکوک چەوربو و تورکیش رازی کرا کە موسل بدرێ بەئینگلیس و بلکێ بە عێراقی خۆیناوی یەود، ئینگلیس وازی لەکورد، هێناو ئەمریکا و فەرانسەش بەدوای پڕکردنی گیرفانی خۆیانەوە بوون. Siymand Othman, op.cit, p53-54

کاوە بەیات شۆڕشی کوردانی... هەرئەوێ و کوردانی گۆران هەرئە و شوێنە. (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



سرنج:

لە ساڵی ۱۳۰۴ هەتاویدا، رەزاخانی پەهلەوی بە قسەی سەرلەشکەر عەبدوڵلاخان تەهماسبی فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجان لەوکاتەدا لە رێگای تەورێزەوە ئەچێتە دیدەنی سمکۆ، بەڵکو لە رێگای ئاشتیەوە دوایی بە جەنگ بێت.

لەم لاشەوە سمکۆ بۆ دیتنی رەزاخان کە لەو دەمەدا وەزیر جەنگی ئێران بووە بە خۆیی و ۱۲۰۰ سوار دێتە سەر رێگا، لای گوندی میانجق. ئەڵێن: بێجگە لەو ۱۲۰۰ سوارە، چوار هەزار سواری تری سمکۆ لەو ناوەدا دەوری ئەوانی دابوو، سمکۆ سوارەکانی خۆی ئەکاتە سێ پۆل: پۆلێکیان بە رانگو جوغەو پشتێن و بەرگی سپیەوە، سواری ئەسپگەلی سپی ئەبن. پۆلی دووهەم، سواری ئەسپی رەش ئەبن و پۆلی سێهەمیش سواری ئەسپی سورکومەیت ئەبن و رانگ و چۆغەی گرژاڵی لەبەر ئەکەن، سمکۆ خۆیی و رابەرانی هۆزەکانیش رانگ و چۆغەی شیروانی و رەنگاو رەنگی تایبەتی مەزنی و هۆزەواری و لەسەرەوەش پەستەک لەبەر ئەکەن و سواری ئەسپگەلی شێ ئەبن و چاوەنواڕی هاتنی وەزیر جەنگ ئەبن. کاتێ رەزاخان ئەگاتە ناو سوارەو مرۆڤەکانی سمکۆ و ئەو هەمووە سوارە تەیارە بەوگشتە چەکەمەنی و جامەدانگەلی رەنگاو رەنگ و لیباسی چاک و پشتێنی گرێ خواردو، خەنجەر لە بەرۆکەدا ئەبینێ کە هەموو دەسکەکەیان پان و سەدەفدارو دەمانچە بە قەدەوەو فیشەکدان بە شانەوەو تفەنگ بە دەسەوە، وا بە نەزم و نیزام راوەستاون، لە ترسان تف لە زاریدا ویشک ئەبێ و لێوی خۆی ئەگەزێ و لای وا ئەبێ سەر لەشکەر تەهماسبی ئەوی بە دیاری بۆ سمکۆ هێناوە، چوکە ۶۲ کەس بەجیبەشرە لە تەک رەزاخانا هاتبوونە لای سمکۆ. هەر جۆر ئەبێ رەزاخان دیان ئەگرێ بە جەرگیداو لە جیبەکەی دائەبەزێ و سمکۆیش لە ئەسپ دائەبەزێ و دەس و موشتاخ ئەکەن و ئەچنە کۆنە شار، کە لە پێشا بە مێزو سەندەلی چەن هۆدەیەکیان تەیار کردبوو، ئەچنە ژوورێ و لە تەک سمکۆدا ئەکەونە ئاخەفتن و

Dr.Saleh Ebrahimi



وتوویژ. ده‌وران ده‌وری ئه‌و کۆنه‌شاره‌ش پڕ ببوو له سواره‌ی سمکۆی مه‌زن و ئابلۆقه‌ی دابوو، ئه‌م سوارانه به‌و ناوه‌و له‌وێ راگیرا بوون که له‌وان پاریزگاری ئه‌که‌ن.

به‌ڵام ترس و له‌رز نیشتبووه سه‌ردڵی ره‌زاخان و هاوڕێیه‌کانی و ئه‌ترسان که له پڕ بڕژێن به‌سه‌ریاناو قڕیان تێخه‌ن.

هه‌ر جۆر ئه‌بێ شێو ئه‌خۆن، هه‌رچه‌ن وه‌ک ژه‌هری ماریان خوارد بێ وابوون، ره‌زاخان به بۆنه‌ی ئه‌وه سه‌ری دێشێو ئه‌چێته ناو هۆده‌یه‌کی ترو به ره‌زا ره‌فیع قانیع قائم مه‌قامولمولک ئه‌ڵێ: وه‌خته له ترسان زیڕه بکه‌م، چلۆن به ده‌سی خۆمان خۆمان خسته داو، ئه‌ویش دڵخۆشی ئه‌داته‌وه‌و بزروک ئیبراهیمی ناوێک راده‌سپێرن که به زمانی چه‌ورو نه‌رم، سمکۆ بغافڵێنن و له‌گه‌ڵیدا ته‌خته نه‌رد بکه‌ن که سمکۆ زۆری پێخوشبووه‌و تا ئه‌ش توانن پێی بدۆڕێنن.

ئیبراهیمیش ناچار تا به‌ره‌به‌ری که‌ڕه به‌یانی خه‌و له چاوی ده‌ستێنێ و ته‌خته به سمکۆ ئه‌دۆڕێنێ که زۆر ماندو ئه‌بن، هه‌ر له ته‌نیشت یه‌ک له هۆده‌ی ته‌خته نه‌رده‌که درێژ ئه‌بن و یه‌ک یه‌ک خه‌ویان لێ ده‌که‌وێ، ره‌زاخان که له ترسان ناتوانێ چاوی لێک نێ، کاتێ ئه‌زانێ وا سمکۆ له خه‌ودایه، بێ خوداحافیزی له سمکۆ به پیاوه‌کانی ده‌ڵێ: کوڕینه من له چاوی سمکۆ زراوم نه‌ماوه، هه‌ستن. خێرا بن تا نوستووه، خۆمان ده‌رباز که‌ین، شوار ئه‌بن و به‌ره‌و ورمێ ئه‌که‌ونه رێ و هه‌ی په‌یتا په‌یتا له ترسان ئاوڕ بۆ دواوه ئه‌ده‌ن تا بزانن سواره‌ی سمکۆ به دویانه‌وه نین.

سمکۆ کاتێ له خه‌و راده‌چه‌نێ، ئه‌ڕوانێ نێچیر له سه‌رڕاو رای‌کردووه‌و زۆر پێش ده‌خواته‌وه‌و خوزیاو بریا ده‌ڵێ، به‌ڵام نێچیر له به‌ره‌گه ده‌رچوبوو.

پاشماوه‌یه‌ک جه‌نگ، حوکومه‌ت ئه‌زانێ، باشاری سمکۆ ناکا، ئه‌که‌وێته گه‌ڕ کردن، سه‌رهه‌نگ سادق خان ناوێک که له‌گه‌ڵ سمکۆ دا ناسیاو بووه، رای‌ئه‌سپێرن خۆی سازکات که تیمسار موقه‌ده‌م فه‌رمانده‌ی له‌شکری ٣ی ته‌وریز بۆ ئاشتی

Dr.Saleh Ebrahimi



کردن دێتە شنۆ، بۆ دیتنی سمکۆ، ئەویش لە تەک خوسرەوخانی کوڕیداو خورشید ئاغاو کەریمخانی خێلانی و چەن کەسی ترا ئێوارەیەک روو دەکەنە سەربازخانەی شنۆ، کاتێ ئەچنە ئەوێ، پاشماوەیەک چاوەڕوانی، خەبەر ئەدەن تیمسار لە رێگاگیری کردووە، سمکۆو هاوڕێیەکانی ناچار بەرەو ماڵ ئەگەڕێنەوە، سەرهەنگ سادق خانی نەوروزی بە دوربینێکی چاک کە لە سمکۆ بە ئەمانەت وەریگرتبوو، لەگەڵ چەن کەسی تر لە باڵەخانەیەکا بوون، کە پەنجەرەکەی روو بە جادەبووە، ئەنواڕێتە سمکۆ، کاتێ باش گەیشتبووە بەرتیر، لەو باڵەخانەوە بە نامەردی وەبەر رەگباری ئەدەن، تیرێک لە سمکۆ ئەکەوێ، دێ خۆی بخاتە ناو کۆڵان و پەسیوێکەوە، بەڵام دوای چەن شەقاوێک ئەڕوانی وا خوسرەوخانی کوڕی ئەنگێوراوە، ناچار ئەگەڕێتەوە سەری، دوبارە گوللەیەکی تر لە سەری ئەدرێ و سمکۆ ئەکەوێ و شەهید ئەکرێ و هەروا خورشید ئاغاش ئەکوژرێ و کەریم خانیش بریندار ئەبێ، تەقە ئەکەوێتە ناو سوارەکانی سمکۆ، لەو لاشەوە سوارەی سەرگورد هاشمی ناوێک کە لە پێشان خۆیان حەشار دابوو، لە تاریک و لێڵەی ئێوارەی ئەوڕۆژە توشەدا سەرملەی کێوی شنۆ لە سوارەی سمکۆ ئەگرێ و ناچار سوارەی سمکۆ شار بەجێ ئەهێڵێ و ئەو ئێوارەی وا سمکۆ و ئەوان شەهید بوون، رۆژی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی و ١٩٣١ی زایینی و ٢٥٤٣ی کوردی بووە. هۆزی شکاک لەم دوتیرە، پێکهاتووە: ١ ـ کاردار. ٢ ـ عەبدویی.

٭ئەلف کارداری ئەمانەن: ١ ـ پس ئاغا ـ ٢ ـ دەلانە (دەلی) ٣ ـ مامەدی ٤ ـ دری ٥ ـ هەنارە ٦ ـ فەنەک (فەنەکی) ٧ ـ خەلوفی ٨ ـ بوتانی ٩ ـ نیسانی ١٠ ـ پاچکی (پاچیک) ١١ ـ گەورکی (گوریکی) ١٢ ـ خدری ١٣ ـ موقوری (موکری) لە ماوەی رابوردوودا سەروکی کاردارەکان عەمەرخان شەریفی بوو، بەر لە عەمەر خانیش سەرتیپی موحەمەد ئەمین، لە پس ئاغایانی کاردار سەروک ئەمانەبون: ب ـ عەبدوئی یەکان ئەمانەن: ١ ـ پس ئاغا ٢ ـ عەطمانی (ئەدمانی) ٣ ـ ئیوەزی ٤ ـ نەعمەتی ٥ ـ کەچەلی ٦ ـ مامەدی عەبدویی ٧ ـ شەکری ٨ ـ چەرکویی ٩ ـ کزنی ١٠ ـ مەندولەکی عەبدویی. سەروکی ئەمانەش لە رابودودا، ـ سمکۆی نەمر بوو کە لە کاتی خۆیدا دوتیرەی

Dr.Saleh Ebrahimi



کاردار و عەبدویی موتەحید کرابون، ئێستاش کوری مەزنی سمکۆ بە ناوی تاهیرخان سەرۆکایەتی تیرەیی عەبدویی دەکا.

٢ ـ مەمەکان یا تیرەی بچکۆڵەی مەمکی‌یان لە ناوچەکانی کۆتوڵ (واتا: قوتور) و ناوچەیی ئەلەند دا ئەبەنە سەرو ناچنە لێواری چۆمی ئەرەس. ئەم دو ناوچەیانە لە رۆژاوایی شاری خۆی دان. (تەوفیق، ٣٤ ـ ٤١، موعتەمە دولوەزارە، ٤١ ـ ٥٦) (راپورتە سیاسی یەکان ٧ / ٥١٨، ٨/٩٨، ٣١٢) لە کلکەی مانگی پوشپەری ١٣٠٩ (:نەعیم، naavem بەشی سێوەم، ورد werda ٥٢ ـ ٥٦، مارشیمۆن mar shimun، ٢١) هەتاوی)، تەوفیق. رەحمە تولاڵ تاریخچەی ئرمیە (ورمێ) لە جەنگی جیهان سوزدا بە کۆشش کاوە بەیات تاران شیرازە، ١٣٧٩ کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی ئەندێشە چاپی دوەم ١٣٧٩/١١/١٥ و٢٠٠٢١/٢/٣ ـ ز ـ محەمەد صالح ئیراهیمی (شەپۆل)

نوکتە لە ساڵی ١٣٥٤ ی هەتاوی پرزانا ئوستاد ئەحمەد تورجانی زادە هاتبوە تاران، بە خزمەتیان گەیشتم. بەسەرهات و قسەی خوێشی بۆ دەگێرامەوە، فەرموی: سمکۆ لە کاکم پرزانا مەلا محەمەد تورجانی‌زادە (قزلجی) ویستبو لە شاری ورمێ کارونوسینی رۆژنامە یەک بە ناوی (کورد) بگرێتە ئەستۆ، منیش هاوکاریم دەکرد، جاکاتێ رۆژنامەکە لە بن چاپ هاتە دەرێ، فەرموی: ئەحمەد، خۆت دەبێ ئەو رۆژنامە بۆ سمکۆ ببەی، ماشین‌هات منیش رۆژنامەم برد بۆچهریق ئەو رۆژە زۆربەی سەرۆک هوزەکان لەوێ لەخزمەت سمکۆ دا بون، کەچومە ژورێ دانیشتم و پیاوەکانی سمکۆ رۆژنامەکەیان هێنا، سمکۆ دەستوری دا لە بەردەمی هەر یەک لە میوانەکان رۆژنامە یەک دابنێن، لە پاشان سمکۆ، روی کردە میوانەکان و بەزاراوەی کوردی شیرینی شکاکی فەرموی: ئاغاینە، من خەرج و مەخاریجی ئەم رۆژنامەم دابین کردوە، بەلام رۆژنامە یەک کە دوای روخانی رەژیمی شای زاڵم و مارز، بەزمانی کوردی چاپ بکرێ دەبێ بە لیرە بیکرن جا یەکی لیرەیەک لە سەر رۆژنامەکە دابنێن و ئەوسا دەستوری بە یەکێ لە پیاوەکانی خۆی‌دا، لیرەکان کۆ بکەنەوەو بیهێنن بۆجەنابی مەلا ئەحمەد تا خەرجی بکەن، جاکاتێ لیرەکانیان لەتێو سینی یەکدا بۆهێنام جەنابی سەدر عولەمای سابلاغ (مەهاباد) ی لە نێوان من و سمکۆ دانیشتبو بو، فەرموی: خەرمان بەرەکەت منیش لیرە یەکم پیێدا، وازی نەهێنا، دولیرەی دیکەم دایێ، لە ساڵی ١٩٩٦ ـ ز ـ کە چبومە دیداری کورەکانم لە سوئید رۆژی ١٩٩٦/٧/١٧ کاکەریم حیسامی بانگهێشتنی کردین و لەوێ کە لە هەربار و بابەتێ قسە دەکرا، منیش ئەو بیرەوەریەی ئوستا ئەحمەد تورجانی زادەی رەحمەتیم بۆگێرایە، سەیر بو، فرەزۆری پێخۆش بو و دیتم لە کتێبی بیرەوەریەکانیدا لە بەرگی پانزدە، لە چاپی داوە ـ چاپی ٢٠٠١ ـ ز ـ ستۆکهولم: سوئید. پەرەی ١٨٩ تا ١٨٨. (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



لەکتێبی کار نامەی ئەردەشێر بابەکان دا نوسراوە: ئەردەشێر چووە شەڕی کوردان شای ماد ـ لەوێوە چووەتە سەر بارزانی ـ بارزانیان لەجیروفت لای کرمان، کێوێ بە نێوی بارزان، بارزانی بارجانی هەیە کە بارزانی لەو ناوەبووەو لەپاشان بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمن چونەتە ئەم مەڵبەندەی ئێستای بارزان، کە تەفسیری ابن‌کثیر لەبن ئایەتی (...الی قوم اولی باس شدید) سورەی فتح ئایەتی ١٦ ـ دەڵی پێغەمبەر فەرمویەتی ئەم ئایەتە لە پەسەندی هۆزێک‌دا هاتووە کە ئازاو نەبەزن و کاڵەکانیان لەمووە و کوردن و بارزانی ـ سەرچاوە: تەفسیری ابن‌کثیر، تەفسیری روح‌المعانی، تەفسیری المیزان، تەرجەمانولقورئانی عەللامە حوسین هێندی، بیان الائمه ـ کتێبی زەمینەسازان، کتێبی یەعقوب لیث پەرەی ٢٢ نوسراوی دوکتور باستانی پارێزی. کارنامک نوسراوی ئەحمەد کیسرەوی چاپی ١٣٤٢ پەرەی ٤٩ ـ کۆواری ئاوێنە ژمارەی ١٧ و ١٨ چاپی ٧٣ و ئاوێنەی ١٣٧٤ ژمارەی ٩٠ بە قەڵەمی شەپۆل. یا بازان ـ ی کورد کە لە لایەن پێغەمبەرەوە کراوەتە فەرمان ڕەوای یەمەن، دوای مردنی بازان، شارکوری بازان بووە

حاکمی یەمەن٠شارکوڕی بازان بە یارمەتی پیرۆزی کوردی دەیلەمی ئەسود ـ ی کوشت کە پیاوێ چەچول بو ـ پێغەمبەر فەرموی: فاز فیرۆز : فیرۆز سەرکەوت. ولە سەرقەبری ئەبوحەنیفە دینەوە ری‌کرماشان لە بە غدا نوسراوە (لوکان العلم بالثریا لتناوله رجال من ابناء جبال. المسند گردوکۆی المسند بە نەقڵ ابوهزاره احمدبن محمدبن خەلیل چاپی ١٣١٣ ی مانگی میسر ئایەتی ٥٤ ی مائده (... فسوف یأتی الله بقوم یحبهم و یحبونه اذلة علی‌المؤمنین، اعزة علی الکافرین لە پەسنی کورد نازل بووە. و ئایەتی ٢ و ٣ سورەی جومعە لەبابەت کوردە (... و اخرین منهم لما یلحقوا... پێغەمبەر فەرمویەتی.

# Kozani Ferhengi Zimani Kurdi
# Cildi Seyem

Dr.Saleh Ebrahimi





I Isma'il Aqa (Simko) *seated, centre.*
This photograph was given to the author by Simko's son.

Dr.Saleh Ebrahimi





سمکۆی مەزن

Dr.Saleh Ebrahimi

لەئاخری ۱۹۱۲ جەمعییەتێک بە ناوی (ئەنجومەنی دۆستانی کورستان لە ئەستەمبوڵ دامەزرا کە مە بەست جەلبی بیروباوەری خەڵك بو، بۆلای مەسەلەی کورد و حیزبێکیشی بەناوی موجەدەد هەبو، کە لوتفی فیکری یەکێ لە کوردەکانی پارلمانی عوسمانی لە ئاخری ۱۹۱۲ ی دایمەزراندبو.

(عبدالله) جەودەت یەکێ لە کوردانی روناك بیر کە سەردەبیری (ئیجتهاد) بوو بیروباوەری حزبی ئیتحادیون لەبابەت جیایی دین لە سیاسەت، غەیرەمەزهەبی کردنی عوسمانی، دابین کردنی مافی ژنان و کردنە لاتینی ئەلف و بێتکە، بلاّو دەکردەوە، دوای ۱۵ ساڵ مستەفا کەمال لەو بیروباوەرانە کەڵکی وەرگرت. دەورانی بەرلە ۱۹۱۴ بۆ روناك بیرانی کورد کە تازە دەیان ویست رێگای خۆیان بدۆزنەوە کورتبوو بە جەنگی جیهانی دوەم لەبەین چو.

**کومەیتەی ئیستقلالی کوردستان لەلایەن سورەیابەدرخانەوە لە قاهیرە دامەزرا.**

# احسان نوری پاشا

ژەنرال ئیحسان نوری پاشا خەڵکی بتلیسە و لە **۱۹۲۵** ی زاینی لە چیاکانی بۆتان لە (بَیْتُ الشّهاب) و لە دوایی دالە گەڵ جەنگ ئاوەرەکانی، پەنایان بردە بە رکێوەکانی ئارارات. لە **۱۹۲۷** بەناوی نوێنەری شۆرشگێرانی ئاگرەداغ (ئارارات) لە کۆنگرەی «خۆیی بون» بەشداری کرد جا چون لەلایەن کۆنگرەوە، راسپێردرا «ناوەندی خۆراگری» سازبدا. جائەوەبو لەساڵی ۱۹۲۸ **ئیحسان نوری پاشا بە فەرماندەیی** چەن هەزار مەردی جەنگی کارکوشتە و مونزەبیت و موجەهەز ئالاّی کوردستانی هەڵدا و ئیدارات و یانەی دامەزراند و **ئیبراهیم پاشاحسکی خەڵکی تللو**، ناودار بە (حسکی تللو ـ) بووە سەرۆکی دەوڵەتی کوردی[1] بەمجۆرە کۆماری کوردی ئارارات بەدی هات.[2]

تورکیە ناچار سورەیابەگی والیبایەزیدی بۆ و توۆیژ ناردەلای شۆر شگێران، ئەویش بەنامە، پێوەندی لەگەڵ حسکی تللو و نە عمان ئەفەندی، پەیدا ئەکا، بەلاّم بێ ئاکام بو، ناچار لە

۱ ـ Hoski - tello دەستخەتی دوکتور یونسی لاپەرەی ۷۱

۲ ـ ئارارات بە دو دوندی خۆی یانی ئاراراتی چکوڵە و گەورە و برگەکانی بە خۆرسکی ۹۶۰ کیلومیتر پان و بەرینایی هەیە و ئەم دو دوندەی ئاگرێ کە بە خەتی راست ۱۲ کیلومیتر لەیەکتر جیا دەبنەوە و بەتەرتیب ۳۳۹۶ و ۵۱۵۷ میتر لەبان زەریاوەن و لەملەی سەردار بولاك بە بەرزی ۲۴۴۵ میتر، یەك دەگرنەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

سپتامبری ١٩٢٨ کۆڕێ لەگەورە پیاوانی تورک بۆ وتووێژ لەگەڵ ئیحسان‌نوری پاشا چونە بایەزید و لە ١٥ سپتامبری ١٩٢٨ لە شێخلی کوپر و لە ٣ کیلومیتری بایەزید لە داوێنەی ئاگریَ چاویان بە **ئیحسان نوری پاشا** و **گەورە پیاوانی کوردکەوت**، بەلاَم پێک‌نەهاتن.

لە ٢١ ژوئیەی ١٩٣٠ شێخ ئەحمەد بارزانی تا ٢٠٠ مەردی جەنگی دەنێرێتە ئورامار بۆ یارمەتی دان بەکوردان و لە ٨ ئوتیشدا دووەمین جەنگ‌ئاوەرانی خۆی دەنێرێتە یارمەتی کوردانی تورکیە، بەلاَم بەداخەوە کوردی تورکیە لە ١٩٣٠ تێدە شکێ و ئیحسان نوری پاشا بە خەیانەتی ئیساساکۆ فریوی ڕەزاخان دەخوا و لەتاران دەس بەسەر دە کرێ و لەنیوەی ئاوریلی ١٩٧٦ ی زاینی لە تاران وەفاتی کرد و لەبەهەشتی زارا نێژرا (رضوان اللّٰه علیه) وجەنابی دوکتور هاشم شیرازی لە سەر گڵکۆی ئیحسان نوری پاشا بڕە شیعرێکی بە گریان خوێندەوە و خەڵکە کەیشی کردە گریان.

**نوکتە:** حاجۆ، یەکێ لە رابەرانی کوردی سوریە، بە یارمەتی (خۆیی بون) لە ٥ ئوتی ١٩٣٠ی زاینی - گوندێ لە نێزیکی نەسیبەین دە گرێ و دەس دە کا بە یارمەتی دانی سەربە خۆی کوردان و هەر لەو ڕۆژانەدا لە ٧ی ئوت لە جوڵە مێرگ و لە دیاربەکریش خەڵک لە حوکومەت رادەپەڕین. بە لاَم کاتیَ کۆماری کورد دە شکێ و **ئیحسان نوری پاشا** فەرماندەی کوللی قووالەتاران دەس‌بەسەر ئە کرێ، ئیتر ئەوانیش هیچیان بۆ ناچێتە سەرێ.


ژەنرال ئیحسان نوری پاشا

لەساڵی ١٩٢٨ ئیحسان نوری پاشا بە فەرماندەیی چەن هەزار مەردی جەنگی کارکوشتە و مونزەبیت و موجەهەز ئاڵای کوردستانی هەڵدا و ئیدارات و یانەی دامەزراند و ئیبراهیم پاشاحسکی خەڵکی تللو ناودار بە (حسکی تللو -) بووە سەرۆکی دەوڵەتی کوردی بەمجۆرە کۆماری کوردی ئارارات بەدی هات.

Dr.Saleh Ebrahimi

**ئیحسان نوری پاشا** دوای تێشکان بووبە پەنابەری ئێران ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە دەنوسن کە ئیحسان نوری پاشا لەکاتی تەنگانەدا لە ١٩٣٠ خۆ دەربازدەکا (کۆچەرا، ١٢٨)، بەلام ئەوەی راست بێ شکانی بزاو بو، بەگەلەکۆمەگی رەژیمی پەهلەوی و سپای درندەی تورکی تورکیەو ناچار ئیحسان نوری بۆ ماوەیەک لە تاران لەژێر چاوەدێری دابوو پرس و جۆی لێ دەکرا و لەگەڵ چەند کوردی دیکە لە راپەرین و بزاوی ئارارات کە لە شارەکانی تری ئێران لەبن چاوەدێری دابون بۆ ساوەو یەزد، دورخرانەوە (پەژمان، ١٦٠ راپورت). ئیحسان نوری پاشا دوای روداوی ١٣٢٠ لە سەرەتای ١٣٣١ لەگەڵ یوسف عەلی موهاجیر، خانم بەسرە حەسنانی، تەیمور جەلالی، شەمسەدین جەلالی، ئیلخان جەلالی و محەمەد دەروێش، چونە وەزارەتی نێو خۆی ئێران و وتیان: یا لێمان گەرێن ئازادبین بڕۆین کار بکەین یا ئەو برەپارەی کەپێمان دەدەن زیادی بکەن چونکا ئەوە زۆرکەمەو بەشی ژیانمان ناکا. (بەلگە نامەی میللی (ن) ١٠٣٠٠٣.) لە سەرەتای پوشپەری ئەو ساڵەدا ئیحسا نوری بە ناوی گەڕێنەری بزاوی پێشوی هێزی میللیونی کوردستانی تورکیە، لە سەرەک وەزیری ویست: «... یا کاری شیاوی خۆم بدەنێ یا ئازادم بکەن کارێ بۆ خۆم پەیدا بکەم تا بتوانم بژیم....» یا ئەوەی کە دەوڵەت لای وایە دەبێ لە بن چاوە دێری دابم «هەندێ دراوم بۆ زیاد بکاو هەروا رایگەیاند بو، کە لە فێرگەی بەرز لە ئەستەمبول لە تورکیە دەرسی خوێندوە و هونەری توپوغیرافیشی خوێندوە و ئامادەم لەکاری نەخشە بەر داریداکار بکەم بەلام بێ وەلام مایەوە (نامەی ١٣٢١/٤/١ ئیحسان نوری کە بە ژمارەی ١٣٢١/٤/٤/٦٦٦٥ لە یانەی سەرەک وەزیریدا زەبتە، بە لگە نامەی میللی (ن) ١٠٣٠٠٣)، لەوکاتەدا لە سپای رۆژاوای ولاتەوە خەبەر هاتبو کە تاقمێ لەکوردەکان بە سەرپەرستی کوری سمکۆ و سەیید شەریف کوری سەیید تاهای شەمزینان، چەند نوێنەریان ناردوتە تاران تا ئیحسان نوری لەگەڵ خۆیان بەرنەوە بۆکوردستان و هەروەها لە نێوان حاجی سەیید عەبدوللا

Dr.Saleh Ebrahimi

گەیلانی‌زادە (سلطا العرفا) ئاموزای سەیید تاها و سەیفولقوزات و (پێشەوا قازی محەمەد) و ئیحسان نوری‌دا چاوی پێی‌کەوتنێ روی داوە. بەلام شارەوانی دوای لێکۆلینەوە یەک رای گەیاندوە. خەیالی نیە لە تاران بروات دەرێ (بەلگە نامەی میللی (ن) ۳ ۰ ۰ ۳ ۱ ۰ ۱)، وەزارەتی جەنگیش بە شارەوانی راگەیاندبو کە پەیێ لێکۆلینە وە یەک یۆمان رون بۆتەوە، نە ئیحسان نوری ویستویەتی بروا ونە ئەوکەسانەی واچاویان پێی‌کەوتووە. خەیالی ئەوەیان هەبووە ئەو بەرن...» بە لگەنامەی میللی (ە) ۳ ۰ ۰ ۳ ۱ ۰ ۱ ـ جا بە پێی کۆبونەوەی شەشەمی پوشپەری ۱۳۲۱ کۆری وەزیرانی ئێران بۆ قسەکردن لە سەرئازاد کردنی حەوت کەس لە کوردانی تورکیە،یانی: ئیحسان نوری و هاوریکانی موافەقەت کرا، لە هەمان کاتدا وەزارەتی جەنگ رای سپارد، تاکاریکی شیاویان دەس دەکەوێ ئەو دراوەی بۆیان براوەتە وە بۆ وێنە هی ئیحسان نوری کە کراوەتە ۱۵۰۰ قران بدرێ. وەزارەتی جەنگ ژمارەی ۲۸٦۲ بروار ی ۱۳۲۱/٦/۵).

لە باردۆخی گۆریانی ژیانی دوایی ئیحسان نوری، ئاگاداریکی ئەو تۆورد و روناک لە دەسانیە، دەزانین کە لە سالەکانی ۲۵ ـ ۱۳۲۳ لەگەل رۆژنامەی کوهستان هاوکاری بووە و زنجیرە و تاریکی مێژویی بەناوی (ریشەی نیژادی کورد و رو داوەکانی بزاوی ئاراراتی دەنوسی و بۆ ماوەیەکیش بۆکرمان دور خرایەوە، دەبێ بزانین دوای ماوە یەک **ئەوزنجیرە و تارەمێژوییە لە بابەت ریشەی نیژادی کورد**، بەوێنەی کتێبێ لە چاپ درایەوە، ئەنجومەنی ئێران ناسی کوردی ـ ماد ـ ی، چاپخانەی سپهر ۱۳۳۳، ۱۴۵ ـ ئارچی رۆز ویلتیش هەر لەو دەورەدا (خاکە لیوەی ۱۳۲۵) کە لە تاران چاوی بە ئیحسان نوری کە وتبو، یادی کردوە، ئارچیبالد رۆز ویلیت کتێبی (شەوقی فیر بون) تەرجەمەی سەهبا سەعیدی تاران بلاوکی ئیتیلاعات ۳۷۱، ۲۲ ـ ۳۲۱. ئەوسا لە سالەکانی کلکەی دەیەمی ۱۳۳۰ بەسەرنجدان بەکودەتای عەبدولکەریم قاسم و بە سەرهات و گۆران لە عێراقدا، **سیاسەتی نوێ لە راست کوردەکانی** ناوچە لە پەرچاوگیرا و ئیجازە بە ئیحسان

Dr.Saleh Ebrahimi

نوری درا تایبێته‌وه تاران، له‌م که‌ین و به‌ینه‌دا هه‌م له باری ژیان و هه‌م له بارو دۆخی ئازاد بونیدا به به‌راوردکردن له گه‌ڵ پێشودا له ئاسوده‌یی و ژیانێ فره باشتردا ده‌ژیا و ته‌نانه‌ت ئجازه‌ی پێدرا له کۆنگره نێو نه‌ته‌وه یه‌کاندا به شداری بکاو یه‌ک دوجاریش سه‌فه‌ری بۆ ده‌ره‌وه‌ی ئێران کرد. (په‌ژمان راپۆرت ١٥٣ ـ ١٦٨). په‌ره‌ی ١٧٩ تا ١٨٢ کتێبی «شورشی کورده‌کانی تورکیه و شوێنداناني ئه‌وه له سه‌ر پێوه‌ندی ده‌ره‌وه‌ی ئێران ١٣١٠ ـ ١٣٠٧ ی هه‌تاوی نوسراوی کاوه به‌یات چاپی یه‌که‌می ١٣٧٤ تاران نه‌شری تاریخی ئێران». ئه‌شێ بزانین بیره‌وه‌ری یه‌کانی ئیحسان نوری پاشا فه‌رمانده‌ی بزاوی کورد، له ئاراراتدا فره پڕ بایه‌خه‌ن که بێ ناوبردنی نوسه‌ر له نێوان (جۆزه‌ردان تا سه‌رماوه‌زی ١٣٢٤، بلاو ده‌کراوه: ته‌رجه‌مه‌ی فه‌رانسه‌وی بیره‌وه‌ری ئیحسان نوری پاشا که له ١٩٨٤ بلاوکراوه‌ته‌وه له زمانی کوردی یه‌وه بۆ زمانی فه‌رانسه‌وی بووه، جگه له‌وه‌ی که له رۆژنامه‌ی کوهستاندا بلاوکراوه‌ته‌وه، چه‌ند به‌شێکی تریش هه‌ن که به شێ له‌وانه نه‌قلی قه‌ول گه‌لێکن له بیره‌وه‌ری یه کی ئه‌فسه‌ری تورک له روداوه‌ی ئارارات، له‌وه‌یش ده‌چێ ئه‌مانه دوای ئه‌و زنجیره و تارانه بوبێ که له رۆژنامه‌ی کوهستاندا بلاو کراو نه‌ته‌وه وچه‌ن به‌شێکی دیکه‌یش له‌وانه، مه‌به‌ست گه‌لێکن که‌له‌وه ده‌چێ **ئیحسان نوری پاشا، به باشی نه‌زانیوه که له رۆژنامه‌ی کوهستاندا بلاو بکرێنه‌وه.**

چه‌ند که‌س له ئه‌فسه‌رانی جه‌معیه‌تی ئازادی کوردکه له ١٩٢٣ ز و ١٣٠٢ له کوردستانی تورکیه دامه‌زرابو، که‌سانێ وه‌ک خالید به‌گ له سه‌روکه‌کانی خێڵی جه‌بران که له فێرگه‌ی نیزامی حه‌میدیه ده‌رسی ته‌واو کردبو، یوسف زیا به‌گ له میرانی بدلیس و نوێنه‌ری (مه‌جلیس): «نیشتگه‌ی» که‌بیری تورکیه‌ی، تێدا بو و شیخ سه‌عیدیش پشتیوانی لێ ده‌کردن.

Van Bruine ssen, op.cit., pp.279-81;

Robert olson, the Emergence of kurdish

Natignalism, 1880-1925, University of Texas press, 1991, pp.41-46.

Dr.Saleh Ebrahimi

بەرلە وادەیێ کە بۆ راپەرین و بزاو لە بەر چاوگیرابو، ئیحسان نوری پاشا و زیا بەگ برای یوسف زیا بەگ فەرماندەی پادەگانی (بەیت شەباب) لەکوردستانی باکوری نێزیک بەکوردستانی باشوری کە بەناوچەدا، دەگەران لە ئوتی ۱۹۲۴ - ز - وەگەلاوێژی ۱۳۰۳ گوێ یان لە یەکێ لە پەیامەکانی نهێن و رەمزی یوسف زیا دەبێ کە بە هەڵە وەری دەگرن لەگەڵ گشت ئەوکەسانەی لە بن فەرماندا بون دەس دەکەن بە راپەرین و بزاو، لە چیاکانی ناوچە، سەنگەر دەگرن، حوکومەتی تورکی عوسمانی زۆر بە ئاسانی ئەو راپەرینە، بێ وادەی پادەگانی بەیت شەباب لە نێودەبن و هەروا، وشیا ریش دەبنەوە و دەس دەکەن بەگرتنی هەندێ لە سەروکەکانی گرینکی (جەمعییەتی ئازادی کورد) بۆوێنە یوسف زیا و خالید بەگ دەگرن ran Brumssepn, PP.281-284: Olson.op.cit, pp.92 کە دوای تێ شکانی مام شەبەکەی نیزامی جەمعییەتی ئازادی کورد، شێخ سەعید پیران رابەری ئەو راپەرین و بزاوەی گرتە ئەستۆ. ئەمجارەش، باوەکو قەراربو راپەرینە سەرتا سەریەکەی کورد لە مارسی ۱۹۲۵ و بەهاری ۱۳۰۴ دەسی پێ بکرێ لەبەر چەن دەرگیری ناوچەیی، یا بلێین تورک پێش دەسی کرد، راپەرین و بزاوی کوردەکان کەوتە سەرەتای فەوریەو نافینی بە فرانباری ۱۳۰۳ و هێرشی کوردان بۆ سەردیار بەکر: (ئامێد) دەسی پێی کرد، هەرچەند لە هەندێ ناوەندی کوردنشین، وەک موش و بدلیس هەندێ عەشیرەتی پڕوزە و بە هێزی وەک حەیدەرانلو نەهاتن بە هاواری بزاوی کوردەوە، بە لام زۆرینەی هۆزەکانی کوردەواری یارمەتی راپەرین و بزاوی کوردیاندا. بە پێچەوانەی پڕ و پاگەندەی تورکی عوسمانی، دە و ڵەتی بە ریتانیا یارمەتی بزاوی کوردی نەدا. هەرچەند (وارتۆ) چباقجور، قلب، پیران، پالۆ، سامسون، ئەرغەنی و چرموک) بە دەس بزاوی شێخ سەعیدە وە بوو، بەلام چون بەریتانیا یارمەتی نەداو مستەفاکەمالیش بە دانانی حوکومەتی نیزامی لەکوردستانی باکوریدا لەکلکەی فەوریە و سەرەتای رەشەمە، توانی لق و باسکەدژەکانی (خۆیبون)، بکوتێ بەسەر یەکا، کەکوردەکانیش هیواداری پشتیوانی

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەوان بون تورکیە لە شکریّ بەر فرەی بوّ لە نیوّ بردنی بزاوی کورد و شیّخ سەعید ناردو ئەو بزاوەش تیاچوونەما. باشە بزانین کومەیتەی بەرێوە بردنی (خوّیبون) لە سەر قسەی کەسانیّ وەک جەلادەت و کامران بەدر خان (نە وەی بە درخان پاشای بوّتـان کـە لە سەرەتای سەدەی ١٩ بە دژی تورکی عوسمانی راپەری و حوکومەتی دەکرد). مەمدوح سەلیم بەگ، شاهین بەگ و چەندکەسی دیکە لەکارزانان و روناکبیران و بزوّزی سیاسی کورد، جەنابی ئیحسان نوری پاشایان بە تێکـرای دەنگ، کـردیانە فـەرماندەی گشـتی لەشکری نەتەوەیی کوردستان و بـروّحسکـی تـللویش یـان کـردە رابـەری کـیشوەری ئارارات.

Arshak Safrastian, kurds and kurdistan, London, the harvill press ltd. 1998, p.84.

وە تەیموراغا سەروّکی ژاندارمـری، مـەلا حسێـن ئـەفەندی گـەرێـنەری نـاوچەی کورخان، ئیبراهیماغاگەرێنەی ناوچەی بوتی، حەسەن ئەفەندی هەڵسورێنەری ناوەندی ئورتی، موسا برکلی ئاغا، گەرێنەری ناوچەی کوریّ و عومەراغایش گەرێنەری ناوچەی کوّخانی یان، کەوتە ئەستوّ و هەر یە کە لەوان بونە بەرپ رسی کارو ناوچەی پییّ سپێردراو و بەجەنگی چریکی شەریان لەگەڵ تورکی عوسمانی دەکردو چەند فەرماندەی وەک دمیرپاشا (تەمەرشەکی)، مەموّبەگ، نادر بەگ (کورانی کوّرحسێن پاشای حەیدەرانلو، فەرزەندە بەگ حەسنانلو، خالید بەگی جـەلالی، سـەید رەسـول و کـەسانیّ دیکـە لە ناوچەییّکە لە ئاراراتدا دەسی پییّکرابو لە چیاکـانی تـەندەروک، ئـالاداغ، گـەردنەی میلیش، ئەرجیش، زیلان ئاواغا، بارگیری و دیادین ـ ی دەگرتەوە، خەریکی جـەنگی چریکی بون لە تەک تورکی عوسمانیدا.

رو داوەکانی چیای ئـارارات، کـوهستان ژ ٢٥/٢٢/٥/٢۴، Zinnarciloplopcit pp.23 ـ حوکومەتی ئێران لەبەر دڵخوّشکردنی تورکی عوسمانی زوّری بوّکـوردی نێـو ئێران و نێوتورکیە هێناولای بوّ نیزامیانی تورک شل کرد تا لە خوّر هەلاّتی ئاراراتەوە لە

Dr.Saleh Ebrahimi

کوردستانی رۆژهەلاتی بەشی ئێرانەوە، لا لە بزاوی کوردی ئارارات بگرن و لە حەوتەی دووەمی خەرمانان و سەرەتای سپتامبردا بە حوکومەتی تورک و رەژیمی ئێران بە بزاوەکە هەرس بێنن و بە هۆی ئیساساکۆ نێوێکی کورد، ئیحسان نوری پاشا بکێشنە نێو ئێران، چون رەژیمی رەزاخان لە بزاوی کورد، دەترسا و دوای تێ شکانی بزاوی ئارارات تورکی عوسمانی لەو لاو پیاوی زاراخان (یاوەر قەتحوللاخان) لە ئێرانەوە لە ماکۆوە (ما دکێو) لەکورد و هۆزەکوردەکان بە جوت کوشتاریان دەکرد. دیارە هەمویش بەگزی و فزی دەکوژران و بە وجۆرە لە نافینی خەرمانانی سالی ١٣٠٩ بزاوی ئارات نسکۆی بردو بێجگە لە هۆزی گەورەی جەلالی کورد و زۆربەی بزاوکارانی ئارارات، وەک فەرزەندە، ئەیبوب ئاغا، ئیبراهیم ئاغا (برۆ حەسکی تللو) بە هەموتایەفە و مەرو مالاتە وە، هێنرانە ئێران و بە رێکرانە (قەراچەداغ، ئەردەوێل، مشکین، خەلخال و دەورو بەری (خۆ)، دیارە هەندێکیشان لەوکورداتە ـ تالان و مال وێرانیان کردن و بەدەس ناپیاوەکانی رەزاخان،کوردە قران ببوە باو. (بیرەوەری سەر لەشکر ئەمین ژمارەی ١٠ رێبەندانی ١٣٥٣ پەرەی ٨٦). بەیات هەرئەوکتێبە. (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi


# ئەمیرانی گەورەی بەدرخان

ئـەمین عـالی‌بەدرخـان (١٨٥١ - ١٩٢٦) حـوقوق‌زان ویـەکـێ لە بنیـات‌نەرانـی سازمان و مەکۆی کوردی بو، کە لەساڵی ١٩٠٨ لەگەڵ کوردە گەورەکانی دیکە دەسی دایە دامە زراندنی مەکۆی کوردی.

# کورانی ئەمین عالی‌بەدرخان وبەدرخانیان

١- سورەیا بەدرخان (١٨٨٣ - ١٩٣٨)

٢- جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣ - ١٩٥١)

٣- دوکتور کامران بەدرخان (١٨٩٥ - ١٩٧٨) کە لەدوایـیدا بـۆتە نـوێنەری عـالی کوردستان و ئوستادی زمانی کوردی لە زانکۆی سوربونی فەرانسە.[١]

٤- عبدالرزاق کوڕی نەجیب پاشا لە کورانی ئەمیربەدرخان کە لە هەرایەکدا فەرماندار دەکوژ ێ‌و لە ئاکامدالەگەڵ هەمو تاکەتاکی خانەوادەکەی دور ئەخرێتەوەو ناچار پەنادەباتە بەر روسیەو دەبێتە پەردەداری دەرباری تەزاری و لە١٩١٨ لە موسڵ دەکوژرێ.

٥- میدحەت بەدرخان کە راپەڕینی ١٨٨٩ ی رابەری کردوە.

٦- کامیل‌بەدرخان لەگەڵ روسان کەوت‌و لەساڵی ١٩١٧ لەلایـەن روسـەوە کـرایـە حاکمی ئەرزەرۆم و لە ژانوێەی ساڵی ١٩١٨ کەلەتەفلیس دەژیاداوا لە ئینگلیس دەکائاگرێ لە کوردستان هەڵبکا و من ئەوە دەکەم و سودی خۆم و ئێوە دابین دەکەم.

٧- عوسمان و حوسین بەدرخان کە لە ١٨٧٩ راپەڕین و سەرەنجام حوسین لە ١٩١٠ کوژرا.

٨- خەلیل‌بەدرخان ناودێری حوکومەتی مەلاتیە کرا.

---

١ - کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی لاپەرەی ١٩٩ تا ٢٠١ چاپی ساڵی ١٣٦٤ تاران چاپخانەی مەهارەت.

نوکتە: ئەمیرکامران بە درخان نەوەی پاتشای کوردستان فەرمویەتی باپیرەم ٩٩ منداڵی بووە کە دوای مردن ٢١ کور وجودی هەبوە و خۆم «کامران بەدرخان» شانزدە مامی خۆم دەناسی.

Dr.Saleh Ebrahimi


# ئەمیربەدرخان پاشا (١٨١٨ - ١٨٧٠ز)

ئەمیربەدرخان پاشا یەکێ لەنەوەکانی قەدیمی‌ترین خانەدانی کوردستانەو لە ١٨٢١ ی زاینی شای بۆتان بووەو بەناوی باوکی ناسیونالیسمی کوردلە مێژودا ناوبراە.

ئەمیربەدرخان شای کوردستان دەڵێ: **«منم شای ولاتم، نەک تورکی عوسمانی، ئەگەر شای تورک لەمن بەهیزترە، ئەزلەو شەریفترم»** ئەمەقسەیەک بووەکە لە سەتەی ١٧ دا بەرەوانەکراوی پاشای فەرانسەی راگەیاندوە.

**ئەمیربەدرخان پاشا، زور بەشەوکەت بووە و قیافەیەکی زور شاهانەکەهەبووە،** عەبای زەربافتی ئەدابە شانا، مێزەرەی حەریر و ئاوریشمی لەسەر ئەنا، رانکی هەوریشمی رێی رێی سورو رەشی لە پێی‌دەکرد، کە نوکی سول وکەوشەکەی هەڵگەراوە بون.

شازادە بەدرخان کوری ئەمیر عەبداڵ خان لەبنە ماڵەی شازادەکانی ئازیزی لە جزیزە و بۆتان لە ١٨٢١ی زاینی. حوکومەتی کوردی سازداوە. و لە ١٨٤٢ زاینی تا وان و ورمێ و موسڵ و رەاندزی بەدەسەوە بوو هیزێ زۆرو یەکیەتی بەدی هێنابوو سکەی لێداو خوتبەی بەنیو خوێندراو بەتەواوی سەر بەخۆبو

خەلک وەک پیغەمبەر رێزیان بۆ دائەنا و **هەروەک «مانی» تەماشایان دەکرد.**

ئەمیربەدرخان پاشا زۆر دلاوا و دلاوێن و دڵگوشاو بەخشەربو، زۆری رێزلە زاناو مەلاوفەقێ ئەگرت و خزمەتی پییان ئەکرد.

لە قەلای «دەرگولە» لەنێزیکی جزیرە کە شەل‌وکوێر و بێ‌ئەنواو هەژاران دەچونە خزمەتی کۆمەگی ماڵی پێ‌دەکردن و پێ‌بژیوی بۆ دابین دەکردنو بەدەستی خۆی دراوی پێ‌ئەدان، جاری واهەبووە رۆژانە بە ئەندازەی ١٢٥ دولاری پارەو یارمەتی بە هەژاران ئەدا.

**ئەمیربەدرخان پاشا** زۆر بەدین بووە و هەمیشە لەکاتی خۆیدا نوێژو عیبادەتی دەکرد.

**ئەمیربەدرخان پاشا** لە ١٨٢١ وابەهێز ببو نەتەنیاگوێ لە حوکومەتی عوسمانی نەبو، بەڵکو خان مەحمود ئەمیری وان و نوراللەبەگی هەکاریشی وادار کردبو کە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کوردستان بکۆشن.

لەساڵی ١٨٤٤ تا ١٨٤٦ ئەمیربەدرخان پاشا لەخۆرهەلاتەوە یانێ لە سنوری ئیرانەوە تێ‌دەپەری و لە غەربەوە بۆ ناوخو و داخلە بۆ بەینەهرەین (نێودو ڕوان) و لە دەروازەی دیاربە

Dr.Saleh Ebrahimi

کریشەوە تا موسڵ ئەرۆیی، بەدرخان پاشا زۆر پرهێزودادگەر و مەردومدار و سەخی و نانبدەبوو خەڵک لەبن فەرمانی ئەو زاتەداله ئاسایشت و له ئەماندا بون. لەساڵی ١٨٤٦ داکەئەمریکایەکان دەچنه دیدەنی، لەزیمنی قسەکردنداده‌ڵێ: من ٨ساڵ بەرلەمە یانێ لەساڵی ١٨٣٨ ئەونه دەوڵەمەند و دەسترۆیو و دارا نه بوم، ئێستاکه خەڵکم لەگەڵه ئەتوانم سەربەخۆیی کوردستان بپارێزم».

لەساڵی **١٨٤٣** کە هەرێمی مەسیحی نشینەکانی گرتبووە ژێردەس، تورکی عوسمانی بەچاو ورا داخستن کە **ئەمیربەدرخان پاشا** ئەیەوێ مەسیحی‌یەکان لەناو ببا، پاریس ولەندەنی لەو هەڵخراندکە بەداخەوە یەزدان شێر - ی کوڕی مامی خەیانەتی پێکردو چووە پاڵ تورکی وەسمانی و شازادە بە درخانیش سەرەنجام لە قەلاّی «ئیروخ» لەئوتی ساڵی **١٨٤٧** خۆی‌دا بەدەس عوسمان پاشای تورکەوە گرتیان و بردیانە کاندیا و لەوێشەوە برا ئاستانەو جزیرە و کریت و سەرەنجام بەرێ‌کرابۆ دیمەشق و دەس‌بەسەریان‌کرد لەنێوان ساڵی ١٨٦٨ تا ١٨٧٠ زاینی ١٢٧٦ی مانگی و له دیمەشق وەفاتی کردو ئەمیر شازادە بە درخان بووە میوانی حەزرەتی مەولانا خالید نەخشبەندی و ئەم ئازیزە لەلای ئەو بە رێزە نێژرا (رضوان الله علیهما).

**واسیلی نیکیتین لای‌وایە ئەمیربەدرخان پاشا هەرگیز مەبەستی کوشتارو تیابردنی مەسیحی و نەستوری نەبووە و بوختانیان بۆهەڵ بەستووە،**[1] ئیگلتونیش دەنوسێ ئەمیربەدرخان پاشاکوردێکی ناسیونالیسم و **نەوع‌دۆست، وە یەکێک لە قارەمانانی سەربەخۆیی کورد** بووە، لە سەتەی نۆزدەهەمدا و لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی دیکەدا تەفاوەتێ زۆری هەبووە، **بیری زۆروردو پەرەدارانە و دوربینی بووە، زور دادگەر و پرهێز و پیاو بووە،** کە ٨٠ ساڵ دوای ئەو نەوەکانی لەسایەی ناوداری ئەو خەڵکیان لە دەور ئالاّ، بەنێوی سەربەخۆیی کوردستان لەناوی ئەوکەڵکیان وەرگرت، بەلاّم بەداخەوە، هەروەک ئیگلتون دەڵێ خۆی‌دا بە دەسەوە، کە سەدساڵ دوای ئەوپێشەوا قازی محەمەد رەفتاری ئەوزاتەی لە بەر چاوگرت، ژەنرال مستەفا بارزانی پێشەواو قارەمانی مەزن و کەبیری نەتەوەی کورد لە

---

١ - بروانه کتێبی الامیر جلادت بدرخان نوسراوی سلیمان عثمان کونی رەش ١٩٩١/١٠/٥ز ەسەر نوسەری سپێدە کە برای زانا ئاک ئەور جسمان پاشا بوێی هینام - هەروا بروانه کوردها و کوواری نیشتمان و راپەرینی میللی سەرچاوە کانی بەرو (شه پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

١٩٧٥زاینی لەبەرباری نالەباری ئەو سەردەمە کە دەوڵەتەگەورەکان لەگەڵ ئازادی نەتەوەی کورد نەبون ئەنالەوانە بوکارێکیان بۆبکرێ.

# راپەرینەکانی گەورەی کورد لە ساڵەکانی ٢٠ تا ١٩٣٠ زاینی

هێزەگەورەکان بۆگەیشتن بە **پەیمانی سێور** ئەو تیکە کاغەزە باتڵە ساڵ و نیوێک پێکەوە قرەقریان بو، تازە ئەوە پەیمانێک نەبو مەسەلەی خۆر هەلات و خۆر هەلاتی ناوەراست چاک یا حەلل و فەسڵ بکا.

بەلاّم لەروانگای زۆرێ لەکوردان ئەم پەیمانە، یەکەمین ئیعتیراف و دیان، نـان بـو بەوجودی کوردلەلایەن جامیعەی جیهانی یە وە.

سەرەنجام لە**کونفەرانسی سێور**کە لە ١٠ ئوتی ١٩٢٠ ی زاینی پێک هات کە نۆینەری شازدە ولاّت لەودا بەشداربو، **نوێنەری ئەمریکا** و کۆڕی **نوێنەرانی کوردیش بەناوی نـاز**( لەوێدا حازر بون و پەیمان‌نامەیەک لەودامۆرو ئیمزاکرا.

لەمادەی ٦٢ ی ئەو پەیمان‌نامەدا، دەڵێ: لە ماوەی ٦ مانگدا ئەبێ زەمینە بۆ مزۆپۆتامی Mesopotamia خودموختاری میللی و محەللی لەو شۆینانەی کەکوردیان زۆرە دابین بکرێ وکوردەکانی بەشی ویلایەتی موسڵ ئەگەر بیانەوێ بە شێ لە ولاّتی کوردستانی سەربە خۆبن و خود موختاربن. کە س مافی بەرگری و ئـیرادگـرتنی بـۆ نـییە و لە مـادەی ٦٤ ئیمکـانی بەدەس‌هێنانی سەربەخۆبون بۆ حـەشیمەتی مـەڵبەندی خودموختـاری لە کـوردە واری‌دا لەماوەی ساڵێکدا لەبەر چاوگیردراوە، کە بەداخەوە لە خەون و خەیاڵێک زیاتر نەبو.

لەوپەیمان‌نامەی (**سێور**) دائەبو ئەم مەڵبەندانە بکـەونە نـێو کوردستـانی سـەربەخۆ: مەلاتیە، ئەلبوستانی، دارندە، دورک، ناحیەی‌کوردکۆ، کورداغ، شارەکانی کیلیس، عەین‌تەب، برجک، ئۆرفە، ماردین، نەسیبەین، جزیرە [١] موش، ئەرزەنجان، بەنگوڵ، وان،Van ئاگرە: «قەرەکلیسا» ئیکدەر، ئەرزەرۆم، سیواس، دوبایەزید، قارس، باشقەلاّن، کوردئالان، میدیات، ترسل، میهرەبان، مەرعەش، گازی، ئانتەپ‌خەرپوت، دەرسیم، حەکاری، سیرت، دیاربەکر،

---

١ - جزیرەی ابن‌عومەر - مەبەست جزیرەی عبدالعزیزکوری عومەر - ی بەردەقیتی «بەرقەعید» - جزیرە ناوە بۆ دەشتی نێو دوروان - نیوان دەجلە و فورات، وەفەیاتی کوری خەلەکان.

Dr.Saleh Ebrahimi

خزو، ئەگیل، پالۆ، کیکی، گنش، خێزان، مەحمودی، شارەزۆر، میهرەوانا، عیمادی، ئەستی، کە **دیاربەکر پیتەخت و موسلیش** ناوەندی ئابوری بێ.[1]

دەڵێن: لە مەیدانی سین سوفیا و لەسەر پردی گالاتا یونانیەکان و بولغاری یەکانو **کوردەکان و ئەرمەنیەکان** یەکتری یان وەک برای بربرەی پشت گرتە باوەش

لەدوایی ساڵی **١٩٢٢** ی زاینی چەند نوێنەری کورد، بوۆینە: خالید بەگی جەبران Gebra کومەیتەیەکیان بەناوی «سەربەخۆیی کورد» لە ئەرزەرۆمدا دامەزراند کە لە گەڵ شارە گەورەکانی وەک (دیاربەکر، بتلیس، ئۆرفە، سیرت، خەرپوت، و... پێوەندی هەبو، کەسانێکی وەک ژەنرال **ئیحسان نوری پاشا و زۆرێ** لە خوێندەوارانی کوردلەوەدا بەشدار بون، لە **١٩٢٣** پیاوە ئایینی و شێخەکانی کوردستانیش بەوکومەیتەوە لکان، هەروەک شێخ سەعید پیران، شێخ شەریف پالۆ و شێخ عەبدو للا مەلەکانو...

لە **١٩٢٥** تا **١٩٣٩** دڕندەیی هێزی نیزامی تورکیابووە هۆی راپەرینی کوردان لە **١٩٢٥** راپەرینی گەورە بە رابەرابەیەتی شێخ سەعید سازبو، ئەوسا راپەرین «رامان، رەش قەلتان، لە دیاربەکر و سیرت روی‌دا لە **١٩٢٦** تا **١٩٢٧** خەڵکی هنش، وەرتو، سولان، بینگوڵ وگەنج هەستایە سەرپێ. ـ لە **١٩٢٨** لە سامسۆن، (کوزلوک) و (پەرواری) خەڵک راپەری، لە **١٩٢٨** تا **١٩٣٩** خەڵکی دەرسیم و ئەوناوە راپەرین لە **١٤** فەوری یەی **١٩٢٥** بە پێی قانونێک (داراهەنی) بووە پێتەختی کاتی کوردستان و **شێخ سە عید** بووە فەرماندەی عالی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و زیاتر لەیەک سێوەمی کوردستانی تورکیایان خستە ژێر فەرمانی خۆیان،[2] بەڵام لە چوارە می سپتامبری **١٩٢٥** ی زاینی شێخ سە عید و **٥٢** کە س لە یارانی لە دیاربەکرلەدار دران.

---

١ـ بە لاّم لە مادەی ٨٩ ئەم پەیمانەکە دامەزرانی ولاّتی ئەرمەستان لەبەرچاوگیردرابو، ئەبو موش، ئەر زەنجان، بنگل، بتلیس، وان:Van، ئاگریّ: قەرەکلیسا، ئیگدەر و ئەرزە رۆمی کوردستان بدریّ بەئە رمەرنستان کەبەشی سامان داری کوردستانە و دو بەش لەسی بەشی کوردستان ئەبوەهی ئەرمەنی جا ئەوەیە حاجی قادر ـ ی کویی‌هاواری لیّ بەرز بوتەوەو دەلیّ: خاکی جزیر و بوّتان؛ یە عنی ولاّتی کوردان سەد حە یفو صەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان دیوانی حاجی قادر چاپی ١٩٨٦ و کوردە کان، عەرە بەکان و تورکەکان - ئیدموندز تەرجەمەی دوکتور یونسی چاپی ١٣٦٧ لاپەرەای ٥ ـ کوردەکان تەرجەمەی دوکتور یونسی چاپی ١٣٧٠ لاپەرەی ٨٣

٢ ـ شیخ سەعید پیران لە ١٣٨٥ی مانگی لە دایک بووەو زیاتر لە شەست هەزار مریدی هەبووەو پاش کوژانەوەی راپەرینی دیار بە کرلە ١٩٢٥/٣/٢٤ز لە سیّدارە درا بە یارمەتی دانی فەرانسەو سوّفیّت بە تورکی عوسمانی.

Dr.Saleh Ebrahimi

شێخ سە عید و یارانی لەسەر دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆلەداردران، کە سانێکی وەک یاردۆ لەمەڵبەندی پاڵۆ، عەلی بە یونس لە سامسۆن، زۆریان بەرگری لەهێرشی رشی تورکان کرد. تورکی عوسمانی دڕندە لە وان سەت کەس لە خوێندەوارانی کوردی خستە تەلیسەوە و تەلیسە کەیان دوری و خستیانەنیو دەریاچەوە.[1]

لە ۱۹۲۹ ی زاینی هێزی پیشمەرگەی **ئیحسان نوری پاشا** هەڵۆی کوردستان لە کێوی ئاراراتەوە بیگرە تاوان و بتلیس و... یان گرت بەدەسەوە و وتوویژی لە گەڵ تورکان کێش پێ ئەداو رۆژ بۆرۆژ پەرەی بە مەڵبەندی فەرمانرەوایی خۆی ئەدا و دامودەزگای ولاتی بەرابەری ئیبراهیمپاشاحسکی تیللو لە کوردستانی ئازادکراودا، دامەزراند و ئالای کوردستانی هەڵدا کەبەداخەوە ئیسا ساوکۆنایک خەیانەتی بە راپەرین کرد، ـ جائەوە بو شۆرش لە هەمو ولات لە ئەرجیس، زیلان، ئاگرەداغ، (ئارارات) پۆلومۆر، لە ئەرزەنجان، دیاربەکر، خەرپوت، بتلیس، موش، حەکاری، ماردین و سیرت تێشکاو لە ئوتی سالی ۱۹۳۰ی زاینی کە عیصمەت پاشا سەرۆک وەزیری تورکیا، لەکاتی کردنەوەی رێگا ئاسنی سیواسدا وتی.... لە تورکیا تەنیا میللەتی تورک مافی بۆ هەیە داوای مافی قەومی و میللی بکا، ئیتر کە سی تر ئەومافەی بۆنیە بەلام ئێستا لەسالی ۱۹۹۳ زاینی داچ دەلێن؟[2]

لە سۆینگەی جەنگی روس و تورکی عوسمانی (۱۸۷۷ ـ ۱۸۷۸) کوردە کانیش دەسیان کرد بە راپەرین، بۆوێنە لە سالی ۱۸۷۷ ی زاینی میدحەت بەگ بەدرخان دەسی کرد بە شۆرشی فەرهەنگی و یە کەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردی بەنێوی کوردستان لە ئاوریلی ۱۸۹۸ لە قاهیرەی میصر بە دوزمانی کوردی و تورکی لەچاپ دا، جادوای ماوەیەک عبدالرحمن بە درخانی برای بە ناوی سە ردەبیر لەباتی کاکی لە ژنێو و فولکستون ی[3] ئینگلیس ۱۸۹۲ لەسالی ۱۹۰۲ی زاینی پشت سەریەک ئەو رۆژنامەی بلاوکردەوە و بەحری و **شیخ عبدالقادر غەوثی ئانیش هاوکاریان دە کرد** ئەو رۆژنامە لە سەرەتاوە لە قاهیرەو لە دواییدالە ژنێو و لە وێشەوە برایە فولکستون بەندەرێ لە تونگەی داور ـ کنت، ئینگلستان. لە قوستەنتەنیە لەلایەن سورە یا بەدرخانەوە لە چاپ ئەدراو لە دواییدا ناچار رۆیی و لە کاتی جەنگی یە کە می

---

۱ ـ لاپەرەی ۱۱۰ و ۱۱۲ کوردها ـ تەرجەمەی دوکتور یونسی. رامبو Rambout.

۲ ـ میللەت ژومارەی ۱٦۳٦ ـ ۳۱ ئوتی ۱۹۳۰ زاینی و لاپەرەی ۱۱۰ و ۱۲ و ۱۳ و ۱۷۰ بە نە قلّ لە کتێبی کوردە کان تەرجەمەی دوکتوریونسی ـ رامبو Rambout چاپی تاران سالی ۱۳۷۰ ی هەتاوی.

۳ـ لە سەرتونگەی داوەر:Folkestone

Dr.Saleh Ebrahimi

جیهانی **سورەیابەدرخان** کوڕی **ئەمیر ئەمین عالی بە درخان** لە قاهیرە ئەو رۆژنامەی بلاّودە کردەوە:[1]

لە ۱۸۸۹ ی زاینی **حیزبی ئیتحاد و تەرەقی** لە تورکیا دامـەزراکـە ئـەم دووکـەسە (اسحاق سکوتی و عبدالله جوْدَتی کوردی تیدابوو لە دواییدا حەزرەتی شیّخ **عبدالقادر** غەوثی

---

۱ـ یەکەم ژمارەی روژنامەی (کوردستان) لە ۳۰ ی ذولقعدەی ۱۳۱۵ی مانگی و (۹ ی نیسانی ۱۳۱۴ ی رومی) بە رامبەری ۲۲ ی نیسانی ۱۸۹۸ز لە (قاهرە) دەرچووە. لە سەرەتادا لە لایەن نەوەی (بەدرخان باشا) )مقداد بگ مدحت بگ) ەوە دەرئەچوو ژمارە (٦ ـ ۱۹) لە (جنیف)، ژمارە (۲۰ ـ ۲۳) دوبارە لە (قاهیرە)، ژمارە (۲۴) لە (لەندەن)، ژمارە (۲۵ ـ ۲۹) لە (فولکستون) و ژمارە (۳۰ و ۳۱) جاریکی تر لە (جنیف) لە لایەن برای (مقدادبگ) (عبدالرحمن بگ) ەوە دەرئەچوو. ژمارە (۱ ـ ۳۱)ی ئەم روژنامەیە، بیجگە لە ژمارە (۱۰، ۱۲، ۱۷، ۱۸، ۱۹) وەکو لە سەرەوە باسم کرد ئیّستالە (کتیّبخانەی دەوڵەتی) ن لە شاری (ماربورگ) لە ئەلەمانیای روژئاوا. ژمارە(۳۱) ی روژی (٦) ی محرم ۱۳۲۰ ی مانگیو (ای نیسانی ۱۳۱۸ ی روّمی) بەرامبەری (۱۴) ی نیسانی ۱۹۰۲ دەرچووە. ئـەم روّژنامە بە کوردی‌یەکی جوان و رەوان (زاراوەی کرمانجی سەرو، شیّوەی جەزیرە و بوّتان) بە دو هەفتە جاریّک لە چوار لاپەرەی (۲۵/۵۰ x ۳۲/۵۰ سم)ی دەر ئەچو.

جوری کاغەز و چونی‌یەتی‌ی چاپکردنە کەشی خراپ نەبو. بە تیپی عەرەبی لە سەر تەرزی فارسی چـاپ ئەکرا.

لە ژمارە (۴) ەوە بە تورکیش و تاری تیدایە، بەتایبەتی سکالانامە (عرضحال) و پاشان نامەی کراوە (آچیق مکتوب) کە زور جار بو (سلطان عبدالحمید) نوسراون دژی بەربەرە کایەتی روژنامەکـە و ئـازاردانـی نـەوەکـانی (بەدرخان). پاش ئەوەی روژنامە کە هیچ ئومیدیکی بە (سلطان) نەماوە دەستی کردووە بە هیرش بردنە سەر (سلطان) و دەستەو دایەرەکەی. وە زور ئازایانە لەسەر کوشتنی (مدحت پاشا) و هاوریکانی، وە لەسەر بزو تنەوەی ئازادیخوازانی تورکی نوسیوە.

لەبەر بەربەرەکانیّ‌ی کاربەدەستانی عوسمانی روژنامە کە، وەکو خاوەنەکانی و یستویانە هەمو جاریک لە کاتی خوی‌دا دەرنەچووە. هەر لەبەر ئەم بەربەرەکانیّ‌یەش بووە کە لە شوّینیّکەوە گواستراوەتەوە بوّ شوّینیّ کی‌تر.

نرخی ئەم روّژنامەیەهەر لەوەدا نی‌یە کە یەکەم روژنامەیە بە زمانی کوردی دەرچو بیت بە لکو نر خیکی میژویی وسیاسیشی هەیە. سەرنجیکی سەرپیّ یی لەناوەروکی ئەم ژمارانە ئەو راستی‌یەمان بوّ سـاغ ئـەکـاتەوە کـە بزوتنەوەی کوردایەتی هەر لە سەرەتاوە ریگای یەکتیتی تیکوشانی گرتووە لەگەل بـزوتنەوەی ئـازادیـخوازی ئـەو گەلانەی کە کورد لەگەلیان‌دا ژیاوە.

سەرەتای روژنامەی کوردستان کە یە کەمین روژنامەی کوردی بووە لە ۱۸۹۸ تا ۱۹۰۲ ی زایـنی بـلاو بوتەوەو دوکتور کەمال فوئاد کوی کردوتەوەولە ۱۹۷۲ ی زاینی لە بە رگیکیدا لەبەغدالەچاپی داوە (شەپول) ۱۵ ئوتی ۱۹۹۳ زاینی و ۲۴ گەلاویژی ۱۳۷۲ و ۲٦۰۵ک و ۲٦ صفر ۱۴۱۴ ی مانگی.

کیتاب ناسی کوردی باشوری ۱۹۴۴ ـ ۱۹۳۷ و کتیّب نـاسی کـوردی بـاشوری ۱۹۳٦ ـ ۱۹۲۰ زایـنی کوّواری ئەنجومەنی سەلتە نەتی ئاسیای ناوەندی ۱۹۳۷ ز لاپەرەی ۴۸۷ ج ۳۲ لاپەرەی ۱۵۵ سالی ۱۹۴۵ی زاینی کوّردە کان... ئیدموّندز تەرجەمەی یونسی چاپی ۱۳٦۷. کوردەکان‌و... نوسراوی ئیدموندزی تەرجـمەی دوکـتور یونسی.

Dr.Saleh Ebrahimi


**ثانی چووه نیو ئەو حیز بەوه** و لەساڵی **١٩٠٢** یش عبدالرحن **بەدرخان و حیکمەت بابان** له پاریس له کۆنگرەی (ئیتحاد و تەرەقی) به شداریان کرد و بۆماوەی ده ساڵ تا ١٩٠٨ ناسیونالیستەکانی کورد و تورك پێکەوه هاری کاری یەکتریان دەکرد تا سەر هەڵدانی تورکەلاوەکان. له **١٩١٠** خەلیل خەیاڵی خەیاڵی خەڵکی موتکی و عومەر و خدربەگ جەمال پاشازاد که خوێندکاری زانستگەی کشت و کاڵی (هالکالی) بون به یارمەتی فوئاد تمۆ ـ ی خەڵکی وان و زەکی ئەفەندی خەلکی دیاربەکر ئەنجومه نێکیان بەناو هێوی Hivi دامەزراند که له موسڵ بەهیوا ناوی دەرکرد و تا جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام بوو بلاوەیەکیان بەناوی رۆژی کورد دەرئەکرد.

بلاوەییێتر بەناوی ژین لەلایەن مەمدوح سەلیم (دەبیر کوللی ئەنجومەنی کورد) و که ماڵ فەوزی بەگ که له **١٩٢٥** له دیاربەکر کوژرا و هەمزه ئەفەندی بلاو دەکراوه.

دەڵێن: به درخانیەکان دەسیان کرد به دژایەتی حه زرەتی شێخ عه بدو لقادر غەوثی ثانی، ئەمیش ناچار له جەمعیەتی تەعالی کوردستان خۆی کێشا دواوه و خۆی کۆوارێکی بەناوی «**هەتاوی کورد**» بلاوکردەوه.

دەرس خوێنه لاوەکانی کورد له بتلیس، دیاربەکر، موش، ئەرزەنجان و موصل باشگای کوردییان سازدا، دەڵێن کاتێ لەئاخری ساڵی **١٩٠٨** له موش باشگای کوردان کرایەوه (٧٠٠) ئەندامی بو، دوای ماوەیەك خۆی له هەزاران ئەندام دا.

له مارسی **١٩٠٩** که عبدالحمید دوم تیاچوو تورکه جەوانەکان دەس بەکاربون، تەواوی کۆڕ و کۆمەڵه و گۆوار و رۆژنامه و فێرگه و باشگاکوردییەکانیان داخست و بەدرخانیەکان ناچار کوردستانی تورکیەیان تەرك کرد. له **١٩١٠** جەمعیەتی هیویای کوردلەلایان گەنجانی دەرس خوێنی کورد، دامەزراکه رێبەرییەکەی به دەس خەلیل حەسەن مۆتکی ئەندامی پارلمانی عوسمانی بو.

گشت کورده روناکبیره زیندانی و تەبعیدکراوەکان ئەندامی ئەمه بون، نەزەردەرانی ئەم سازمانه دوکتور شوکر و محەمەد سەکبان بوو لەدواییدا بونه هەوا خوای جەزبی کوردان له کۆمەڵگای تورکاندا. له **١٩١٣** بەم لاوه ئەم سازمانه **رۆژنامەیان بەنیوی روژاکورد** بەکوردی و تورکی بلاو دەکردەوه که له **١٩١٤** نیوەکەیان کرده **(هەتاوی کورد) مەبەستی ئەم رۆژنامه چاك کردنی ئەلف و بێتکەی کوردی و بلاوکردنەوەی بیری ناسیونالیستی کورد و فێرکردنی خەڵکی کوردبو.** که دوای جەنگی جیهانی یەکەم خەباتی ئەو سازمانه پسا.

Dr.Saleh Ebrahimi



# کۆنترین خەڵکی رۆژ هەلاتی ناوە راست:

کوردکۆن‌ترین خەڵکی رۆژهەلاتی ناوەراستە کە لەکوردستان دەژی و ژیانی سەر بە خۆیشی هەبوەو دیاکۆو هوخشەتەرەو ئاستیاکو کەسانێ تری لێ هەڵکەوتوەو دوای ئیسلامیش سەربەخو ژیاوەو شازدە شانشیی هەبوەو دیاکۆلە [ ۷۰۸ تا ۶۳۳ ]ی بەر لەزاینی ئیمپەراتوری ماد ـی دامەزراندوەو هەر ئەوکوردە ماد ـە لە ۶۱۲ی بەر لەزاین بەدژی دەس درێژی ئاشورونینەوا راپەری و بەر پەرچی داوە، یاکەسانێ وەک هوخشەتەرە یا ئاستیاک کە بە قسەی مینورسکی دیوانی شیعری هەیە یاکەسانێ وەک زەردەشت و کەسانێ تری لێی هەڵکەوتووەو دوای ئیسلامیش سەربە خۆ ژیاوەو بە شایەدی مێژوچل و دو شانشینی هەبووەو لە نێو خۆیان و حوکومەتی دەوروبەر بەشێوەی فیدراڵی ئەم دەورو زەمانە پێکەوە ژیاون [1]

## بۆزانین
## لەکوردستان تا ۴۶ شازادە نشین بە محوەرە هە بووە:

دیار بەکر، دینەوەر، شارەزور، ئەردیال، سور، ئاکرە، ئاماد، کرمل، فینک، حەسەنکیف [2] جموش، کزوک، مارداس، ئاگیل، سامۆر، مزان، کیکیس، شیروان، در دین،

---

۱ ـ هەندێ لە ئاسەواری مادەکان بەمجورەیە: موجەسەمەی شێری نیزیک هەمەدان، وێنەی مروڤێک بەجلکی ماد لەنیو هودە بەردینەیەک لای سەر پێلێ زەهاو کە بە دوکانی داود ناو ئەبرێ، وێنەی فروهەر لەبان بەردی لای صەحنە، هودە بە ردینەیەک لە دیران ـی لورستان. کە بەهوەدەی فەرهاد ناودارە، فەرهاد تاشی لای سماقان نیزیک بۆکان قەلای (بەیت بەگی): بەیت بەگایا: (بۆگە بەسی) لای بۆکان، وێنەی مروڤێک لە حاڵی عبادەتدا لە تلیشی بەردیکدا لە (نیواسحق‌وند) نێزیک کرماشان، وێنەی شاو رۆحانی لە هەردولای گوڵە ئاگر لە قیزقاپان یا وێنەی ماد و پارس پێکەوە لە تەختی جەمشید.

۲ ـ «حِصن کیفا» شاریکە لە عیراقی عەرەبداُ لە سەر بەستینی دەجلە لە نیوە رێگای نێوان دیار بەکرو جزیزەی اِبنْ عُمَرْ ـ ئەعلامی موعین لاپەرەی ۴۶۳ و ۴۶۴ چاپی ۱۳۶۲ ج ۵. حەسەن کیفیکیش لای نەوشار لە مازندەران داهەیە کە گوندی کوردیچاڵ لە ۶ کیلومیتری خور هەلاتی حەسەن کیف‌دایە کە ئەم حەسەن کیفە بەشی کەلار دەشتیی نەو شاری مازندەرانە ئەعلامی موعین ۱۵۶۰ ج ۶ چاپی ۱۳۶۲ی هەتاوی ـ هەروا بروانە کوروکاش یامێژوی موکریان لاپەرەی ۲۵۴ ئوفسیت نوسراوی محەمەد صاڵح ئیبراهیمی محەمەدی: (شەپۆل) کە لەساڵی ۱۳۶۶ی هەتاوی، لە پێنسەت جەلەد بلاوکراوە تەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەریکان، خاک، ترکل، سعیدی، سولەیمانی، سۆران، تـرکورا «تـەرگەوەر» کـالی، داود، پیلینگان: (پاڵنگان) بتلیس، کارزان، بوکان: [1].

١- دەولەتی حەسەنویە یا حە سنۆیە لە ١٩٥٠ - ١٩٧٩ زاینیداکە وجودی هەبووەو پێتە ختیشی خورەماوای لورستان بـووە، حـەسەنبن حـوسەین کـوردی بەرزیکـانی کـە لە حودودی سالە کانی ٣٤٨ی مانگیدا بە سەر کوردستاندا لە: دیـنەوەر، نەهـاوەند، شـاپور، یەزدجردو ئەسەداوا، لە لوردستاندا حوکومەتی کردوە. دوای ئەو «ناصرالدین والدولە» ئەبو نەجم بەدربن حَسْنَوَیْهْ یا (حَسْنُویە) کە ئەمیش لە حودودی ٣٦٩ی مانگیدابوەتە حاکم. دوای ئەمتاهیر کوری هیلالی کوری بەدر کە لە ٤٠٥ی مانگیدا بۆتە حاکمو بە دەستی ئەبو شوک کوژراوە، دوای ئەمبەنی عەنناز لە ٤٠٦ی مانگیدا ها توتە سەرکار.
حوسەین کوردی بەرزیکانی: حَسَنْوَیْهْ [2]

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عبدالملک | بەختیار | ئەبوعەدنان | عاصم | عبدالرزاق | ئەبوعەلا | بەدر |

هلال کوکە ٤٠٥ مانگی وەفاتی کبردوە

تاهیر

بەدر

بەنی عەنناز [3] لە کوردستاندا (حەلوان، قرمیسین یاقرماسان: کرماشانو دەقوقا) ئەبو فەتح محەمەدبن عەنناز کەلە ٣٨١ی مانگیدا هـاتۆتە سـەر فەرمـان ـ لە دوای ئـەو (ابـوالشَّـوْک

---

١ - «بەگ: بە گان - بەغ: گەورە، گەورەکان» - سەرچاوە: لاپەرەی ٢٨و ٢٩ی تێزی دەورەی دوکتورای بەرێز سەید عبدالعزیز شەمزینی «گە یلانیزادە (مبارەزەی آزادیبەخش ملی خلق کرد) لە نێوان دو جەنگی جیهانی (١٩١٤-١٩٤٦ی زاینیدا) تایپ کراو - رەفیق حلمی الاکراد من فجرالتاریخ الی ١٩٢٠ی زاینی بـەغدا /١٩٣٤ زاینی لاپە رەی ٢١.

٢ - خەلیل ئەدهەم دووەلی ئیسلامی لاپەرەی ١٨٥ وعەبّاس ئیقبال تەبە قاتی سەلاتینی ئیسلامی لاپەرەی ١٢٤ موتەرجیم عەرەبی.

٣ -کوری ئە سیر ج ٩ لاپەرەی ٢ و ١

Dr.Saleh Ebrahimi

حسام‌الدوله) فارس کوری محه‌مه‌د که‌ له‌ ۴۰۱ی مانگیدا بۆته‌ حاکم و له‌ ۳۰ی ره‌مه‌زانی ۴۳۷ی مانگیدا وه‌فاتی کردوه‌.

عه‌نناز: محه‌مه‌د

سورخاب که‌ له‌ ۴۳۹ دیل کراوه‌
↓
ئه‌بوعه‌سکه‌ر

فلانه‌: که‌بۆته‌ ژنی دبیسی یه‌که‌م کوری عه‌لی کوری مه‌زید

ئه‌بوشه‌وک سوعدی که‌ له‌ ۴۰۶ مردوه‌: کوری ئه‌سیر ج ۹ لاپه‌ره‌ی ۲۸۲ موته‌رجمی عه‌ره‌بی

ئه‌بو موهاجیر، موهه‌لهیل ۴

ئه‌بوشه‌وک

محه‌مه‌د، ئه‌بوغه‌نایم، مالیک

به‌در
|
سورخاب
|
ئه‌بومه‌نصور[1]

سوعدی
|
له‌ ۴۰۶دا مردوه‌
|
فولان لای توغرول
له‌ ۴۴۵دا مردوه‌

ئه‌بوفه‌تح
حاکمی دینه‌وه‌ر
که‌ له‌ ۴۳۰ی
مانگی‌دا وه‌فاتی
کردوه‌

---

1 - BERGMANN: BEITRAGE ZUR MUH. NVMISMATIK W.N.Z. 1883.P.25
SACHAN: VERZEICHNIS NO 34, p. 18.

- سه‌رچاوه‌: کوری ئه‌سیر: کامل له‌ مێژودا ج ۹ لاپه‌ رمای ۲ و ۱

- خه‌لیل ئه‌دهه‌م دووه‌لی ئیسلامی لاپه‌ره‌ی ۱۸۵ و عه‌بّاس ئیقبال ئاشتیانی ته‌به‌قاتی سه‌لاتین‌ی ئیسلام، لاپه‌ره‌ی ۱۲۴ موته‌رجیم عه‌ره‌بی ۳- کوری ئه‌سیر ج ۹ لاپه‌ره‌ی ۱۰۲ - فه‌رمان ره‌وای شاره‌ زور، کوری ئه‌ سیر ج ۹ لاپه‌ره‌ی ۳۳۶ ولاپه‌ره‌ی ۳۳۱ - نه‌ سبنامه‌ی خوله‌ فاو شاریاران دوکتور جه‌وادمه‌ شکور چاپی ۲۵۳۵

Dr.Saleh Ebrahimi

٢-مەروانیە، ئەمیر ئەحمدد کوری مەروان کە لە ١٢٠ی مانگیدا لە دیار بەکردا حوکومەتی هەبووە. بەنی مەروان کە لە میافارقین، ئامێد، خەلات، دونیسر، ئەنبار، نەسیبەین، جزیرەبەلەد حوکومەتیان کردوەوگشتیان (دارالضرب) بەنی مەروان بون.

☐١- ئەبو عەلی حەسەن کوری مەروان‌لە حودودی ساڵی ٣٨٠ حوکومەتی کردوە.

☐٢-مەمهەد، دەولە ئەبو مەنصور سەعید کوری مەروان لە ٣٨٦ی مانگیدا فەرمان رەوایی کردوە.

☐- ئەبو شوجاع پەرۆیز کوری مەمەد (سکە یەک کەئەولە ٤٠١ی مانگیدالە میافارقین لێی داوە ERMTTAGE INVEN TAIRE P.338 NO.21 کە لە مۆزەی ئیر میتاژداهەیە

☐٣-نەسر دەولە ئەبونە سر ئەحمەدکوری مەروان (هەر وەکولەسەر سکەکە نوسراوە لەوە دەچێ ناوی محەمەد کوری مەروانبێ و لە ٣٧٦ی مانگیدا لەدایک بـووەولە ٢٩ شـەوالی ٤٥٣دا مردوەونازناوی ئەلقادر باللّەبوە:[١]

☐٤- نیزامە دین ئەبو قـاسم نـەسرکوری ئـەحمەدلە (میـافارقین) زیـقەعیدە ی سـاڵی ٤٥٣مانگی حاکمبووە. سەعید (برای یەکەمی) لە ئامێد (لە ٤٥٣ی مانگی تاسالی ٤٥٥)کە لە پاشانلە ٤٥٥ی مانگیدا نەسر ئامێدی لی‌سەندەوە.

☐٥- ئەبو موزەفەر مەنصور لە ٤٧٢ تا٤٧٨ی مانگی حاکمو میر بووە.

نەسەبی بەنی مەروان:

## دۆستەکی کوردی حەمیدی
## مەروان[٢]

| | | |
|---|---|---|
| ٣ - ئەبونەسر ئەحمەد(کچی قەراوش کوری موقەلید - ی عوقەیلی مارەکردوە) | ٢ - مەمهەد دەولە | ١ - ئەبوعلی حەسەنکەست الناس،کچی سەعد دەولەی حەمدانی ژنی بووە |

١- بروانە ابن خلدون ج ٤ لاپە رە ی ٣١٩.

٢ - کوری ئە سیر: ئەلکامل -کوری خلدون: ئەلعبر -کوری خەلەکان: وەفەیات ئەعیان لاپەرەی ٢٠٦ تا ٢٠٧ کتێبی نەسبنامەی خولەفا نوسراوی دوکتور محەمەد جەواد مەشکور چاپی ٢٥٣٦ ئوفیستی مەروی تاران. و شەهریاران نوسراوی کیسرەوی

Dr.Saleh Ebrahimi

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سەعید لەئامید (٤٥٣تا٤٥٥) | سولەیمان | سەعدەدەولە ئەبو حەسەن محەمەد ولیعەهدو فەرمانرەوای ئامید | ٤- نیزامەدین نەسر | ٥- مەنصور[1] |

# زەنگی یا بەنی زەنگی:

٣-لە موسڵ زەنگەکان ئەحمەدکوری زەنگی کە قەڵای گوڵاّبی سازداوە و ئیستاش بە ناوی ئەحمە دهەرماوەو زەنگی‌یەکان تا سالی ١٢٦٢یانی تا هێرشی مەغول، حوکومەتیان بەردەوام بووە.

٤-شنگر تاهیر محەمەدکورد لە ١٢٠٣ تا ١٢٤٨ حوکومەتی کردوەو زنجیرەی ئەتابەک بووەو ئەتابەکیش تا١٣٣٩ حوکومەتی هەبووەو بە هەزار ئەسپە ناودار بوە.

٥- دەولەتو میری ئەیوبیان لە ١٥٣١ تا ١١٧٣ صەلاحەدین یوسف کوری شادی ئەیوبی‌و ئاخرین نەسلی ئەیوبی لە دیار بەکر تا ٩٢١یانی تا ١٥١٤ زاینی لە حەسەن کیفدا حوکومەتیان بە دەس بووە.

٦- پاشاکانی باجەلانی بەر لە ئەردەڵانەکان حوکومەتیان هەبوە لەدرنی، دەرە تەنگ، حەلوان، زەهاوی ئیستا، سەدان، دەودان، ئالانی، پاوە، رەوانسەر، باسکە، قەلای زنجیر، زربانێکی لە قوبادخانەوە تا ئیبراهیم پادشای باجەلان نێزیکەی پێنسەت ساڵ حوکومەتیان

---

١ - بروانە: VAN BERCHEM: ARABI SCHE INSCHRIFTEN AUS ARNENIEN P.7, pl. XI
ناصر خوسرەو: سەفەرنامە AMEDROZ: MARWANIDS (JRAS, 1903. 124$$)
M. VAN BER CHEM: ARABISCHE INSCHRIFTEN AUS ARMENIEN. DIARBEDR (LEHMANN - HAUPT)

- لە قەڵای هەتاخ لەساڵی ٥٣٢ی مانگیدا حیسامە دین تەمرتاش کوری ئیلغازی دەری کردوە، کوری ئەسیر دەنوسی حیسامەدین تەیمور (ج ١١ لاپەرەی ٢٤٣)

Dr.Saleh Ebrahimi


کردوەو ئاخیرینیان ئیبراهیم پاشا بووە کەلە ١٢٨٥ی مانگیدا لە گوندی ڕێژاو مردوەو دەڵێن وەلی دیوانەو خانای قوبادی لە پاشایانی باجەلانی بون [1].

٧- دوای تێکڕمانی خەلیفەو هێرشی مەغول دەوڵەتی کوردی ئەردەلان لە ١٢٢٠ تا ئاخری سەتەس ١٨ یانی تا ١٥٧٣ی زاینی بەردەوام بووە [2]

## ☐ ١- ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد لە سێ دەورەدا:

ئە توانین بڵێین ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد لە سەتەی نۆزدەوە زیادتر پەرەی سەندوە کە خۆیان باشتر ناسیوەو بۆ ئازادی ڕاپە ڕیونو ئەم ڕاپەڕینەش ئەبێتە سێ دەورە:

☐ ١-دەورەی یەکەم لە سەرەتای سەتەی نۆزدەوە تا جەنگی جیهانی یەکەم.

ئەم ڕاپەڕینانە بۆ ئازادی کورد بوو زۆریش پاک بونو بەهۆی ئەم بە ڕێزو دلسۆزانەوە بو:

١-ڕاپەڕینی (عبدالرحمان) پاشا بابان لەساڵانی ١٨٠٦ - ١٨٠٨ز لە پارێزگەی سولەیمانیدا

٢- ئەحمەد پاشا بابان لە ساڵی ١٨١٢ز

٣-زازای کورد لە سیواس لە ١٨٢٠ی زاینیدا

٤- ئەمیر بەدر خان لە جریزەدا لە ساڵی ١٨١٠ تا ١٨٧٠ی زاینی

٥- محەمەد پاشا ڕەواندزی (کۆرە) لە ١٨٢٦ تا ١٨٣٣ از

٦-کوردەکانی چیای سنجار (ژەنگاری) لە ١٨٣٠ تا ١٨٣٣ی زاینی

٧- ئەمیر شریف‌خان بتلیسی لە ١٨٣٤ی زاینی

٨- یەزدان شێر (غرالدین شێر)لە ١٨٣٥.

٩- حوسەین کەنعانو عثمان پاشالە ١٨٧٩ از [3]

١٠-ڕاپەڕینی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا نەهری ناودار بە مەلیک غازی شاهی شەمزین (قدس سرە) لە سالانی ١٨٨٠ تا ٨١و ١٨٨٧ز

١١-ڕاپەڕینی کوردەکان لە موسڵ، ئەرزەڕۆمو بتلیس لە ١٩٠٧ز .

١٢-ڕاپە ڕینی مەلا سەلیمو شا عابیدین لەبتلیس ١٩١٣ ز .

---

١ - کوواری ئاوێنە لاپەرەی ٤٢ لە باسی خانای قودبای نوسراوی شەپۆل چاپی ١٣٧١ی هەتاوی ژمارەی ١٠ - تاران .

٢ - تیژی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی لاپەرەی ٢٨و ٢٩ سەر چاوەی بە رو ،

٣ - سەر چاوە: تیژی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی لاپەرەی ٩١ تایپی.